# ماریا گارسیا*

## هەموو جیهان دەگەڕێ، تا ڕوێکی نوێ بە ڕۆژنامەکان بدات

دکتۆر سە پان لە سوێدییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی



ماریا گارسیا.. ڕۆژنامەڤانێکی گەڕۆک  کۆوار

ڕۆژنامەیەکی باشی ڕۆژانە دەبێت: بچوك بێت، جوان بێت، خوێندنەوەی ئاسان و خۆش بێت. ماریۆ گارسیاMairo Garcia بەو شێوەیەی سەرەوە باسی لە باشترین ڕۆژنامەی ڕۆژانە دەکرد. ماریۆ گارسیا خەندە لە چاوەکانی دەبارێت و ڕەونەقیان پێوە دیارە. دەستە گەرمەکان و جۆری دانیشتنی، بایەخی زۆری ئەو، بەو کۆبوونەوەیە ئاشکرا دەکات.

ماریۆ گارسیا  دیزاین بۆ ڕۆژنامە دەکا، هەموو جیهان دەگەڕێ تاکو، ڕوێکی نوێ بەڕۆژنامەکان بدات، ئێستا ئەرکێکی زۆر گرانی کەوتۆتە سەرشان، بەوەی کە ڕۆژنامەی ئێکسپرێسی سوێدی لەو قەیرانەی تێیکەوتووە، ڕزگار بکات.

چاککارییەکان، کە بەگرووپی گارسیا دراوە، بە گەورەترین نهێنی لە ژوورێکی ڕۆژنامەی ئێکسپرێس دەپارێزرێ و کەس بۆی نییە بچێتە ئەو ژوورە. لەگەڵ ئەو هەموو نهێنییەش، بەگوێرەی ئەو لاپەڕانەی بەدیوارەکانی ژوورەکەدا هەڵواسراون، دەزانین باس لەچ دەکرێت!. ئەو لاپەڕانە پاکتر و ئاسانتر، لە لاپەڕە پیس و ڕەشە کۆنەکانی ڕۆژنامەی ئێکسپرێس بەرچاو دەکەون. ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە بەشێوەی لاپەڕەکانی سەردیوار لە پایز، کە بڕیارە دەربچێت، "جاری هێشتا دیار نییە" بەو ڕووە نوێیەی زۆر جوانتر و بەرچاو ترە، دیارە ئەم شێوە جوانە و فۆرمە نوێیە تەنیا لە گارسیا دەوەشێتەوە.

– چەند زۆرتر لەیەك بکێشرێت ئەوەندە باشترە. ڕۆژنامە بەهیچ شێوەیەك نابێت، سەیرکردنی بێزارکەر بێت. پێش چەند ساڵێك زۆر دوور ڕۆیشتین، بەچاپکردنی وێنەی زۆر، سەرنجی خوێنەرمان ڕادەکێشا. شتی زیادمان دەخستە سەر و لاپەڕەکانمان قەڵەباڵغ و پڕ دەکرد. ئێستا بڕوام بەئاسانی و جوانی و قەشەنگی هەیە. ئەمە دەربڕینی گارسیا بوو.

ماریۆ گارسیا لەناو کورسیە کۆنەکە، زۆر چۆتە خوار و لەناویدا نوقم بووە. ئەو لە ژوورێکی بچووکی تایبەت بەکۆنفرانس، بەڕێك و پێکی بۆ میوانەکان، باس لە ڕۆژنامە و گۆڕین و کاری بەرەو پێشچوونی دەکات.

– ڕۆژنامەی ئێکسپرێس مەرجی گۆڕینی تەواوی تێدایە. ئەگەر ڕۆژنامەیەك باش بفرۆشترێت، دەستەی نووسەران کەمتر بۆ گۆڕینی ڕۆژنامە ئامادەن، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەکە زۆر خراپ بڕوات، تێیدەگەن دەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە و گۆڕانکارییەکی گەورەی تێدا بکرێت. هەروەها ماریۆ وتی ڕۆژنامەی ئێکسپرێس، دەبێت لەبنەڕەتدا بگۆڕدرێت.

بێگومان ئەو ڕۆتینی خۆی هەیە. ئێکسپرێسی ژمارە (437)ەمین ڕۆژنامەیە، کە ماریۆ دەستی خستۆتە ناوی و گۆڕانکاری تێکردووە.

– چەند بەتەمەنتر دەبم، ئەوندە زۆرتر ئارەزووم دەکەوێتە سەر گۆڕینی ڕۆژنامە. ئەوەش تەنیا کارێکی هونەری نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێك کارێکی پراکتیکی زۆر گەورەیە. من خۆم وەك وەستایەکی نەخشەسازی خانوو و باڵەخانە دێتە بەرچاو. خانوویەك دەبێت بەرگەی چەندین لێدان و کەوتن وەك: زەوی لەرزینی سانفرانسیسکۆ، ڕەشەبای فلۆریدا بگرێت. ڕۆژنامە دەبێت وەك تەقینەوە بگاتە ئەو گەنجانەی ئارەزووی خوێندنەوەیان هەیە و سەرنجی ئەوان بۆخۆی ڕابکێشێت، ئەوانەی ڕێکلام بۆ بەرهەمی خۆیان دەکەن و مەرجیان زۆرە، دەستەی نووسەران، کە یەك نین و بۆچوونی جیایان هەیە، ڕازییان بکات. دەبێت سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت و شوێنی ئەوانی تێدا ببێتەوە، نەك تەنیا بەیانی و تا کۆتایی ساڵ، بەڵکو پێنج تا دەساڵ نازیان هەڵبگرێت و لە خوێندنەوەی هیلاك نەبن.

ماریۆ لەیەك کاتدا چەند پڕۆژەیەکی لەژێر دەست دایە. ڕۆژنامەیەك لە ئەورووپا، ئەوەی تر لەئاسیا، سێیەمیان لە ئەمریکای لاتین. ئەو لەبەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کارەکانی زۆر گورجە. لە ڕێداکسیۆنی ڕۆژنامەیەك بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەخەستی کار دەکات، دواتر لێیدەگەڕێت تا ڕۆژنامەنووسانی خۆیان دیزاین و کارەکان ئەنجام بدەن. دواتر بەهۆی مەیل بۆماوەیەکی زۆر لاپەڕەکانی بەدەست دەگا و ئینجا جارێکی تر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دێتەوە لایان. ئەو بەم شێوەیە لەسەر کارکردن بەردەوام دەبێت.

چۆن بەو ماوە کورتە دەتوانیٚ گیانی ڕۆژنامە ببینیت؟

– هەوڵ دەدەم لەڕێگای ڕۆژنامەوە فەرهەنگ هەڵمژم. ڕۆژانە پیاسەیەك بەناو شار دەکەم، بۆ پیاسەکەم سواری لیمۆزین (ئۆتۆمبێلی جوان و درێژ) نابم، بەڵکو بەپاس یان بە میترۆ دەگەڕێم. هەوڵ دەدەم تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو کەسانەی لەبواری ڕۆژنامە کاردەکەن نەکەم، لەوکاتە من بیری نوێم بۆ دێت. من وەك هونەرمەندێك وام، کەدەچمە ناو ڕۆژنامەیەك، هەوڵ دەدەم ڕۆڵی خۆم لەگیانی ئەو ڕۆژنامەیەی خۆم کاری لەسەر دەکەم بدۆزمەوە. دواتر دەچمە سەر ڕۆژنامەیەکی تر و لەوێش دەبێتە وەرگرتنی ڕۆڵێکی تر.

ئایا ڕۆژنامەکانت لەهەموو جیهان، مۆری تایبەتی گارسیایان پێوەیە؟

– زۆرن ئەوانەی ئەم پرسیارەم لێدەکەن. لێکۆڵەری وا هەن، دەیانەوێت دکتۆرا لەسەر ئەم بابەتە و کارەکانم بنووسن، منیش بەردەوام تکایان لێدەکەم، جاریٚ چاوەڕێکەن تادەمرم. ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەر لەگەڵ یتەبۆری پۆستن، لەتەنیشت یەکتر ڕاگرە، ئەگەرچی من هەردووکیانم گۆڕیوە، بەڵام زۆر لەیەك ناچن.

هیچ گۆڕانکاریەك هەیە، کەتۆ بەهیچ شێوەیەك ناتەوێت مامەڵەی لەسەر بکەیت؟

سێ شت هەن بەردەوام خەباتیان بۆ دەکەم، پیتەکان دەبێت گەورەبن، بۆ ئەوەی بەئاسانی بخوێندرێنەوە. دابەشبوونی نووسینەکان رێك و پێك بێت، تاکو ئەوەی بەدوای دەگەڕێیت، بەئاسانی بیدۆزیتەوە. دواتر دەمەوێت هەموو رۆژنامەکانی من، خۆیان لەگەڵ خوێنەری تایبەت لێڕابێنن.

کاری سەرەکی تۆ، گۆڕینی ڕووی رۆژنامەیە، بەڵام چەند ناوەڕۆکی ڕۆژنامەشت پێگرنگە؟

– فۆرم و ناوەڕۆك تەواوکەری یەکترین. ڕویداوە، کە رۆژنامە تەنیا بەگۆڕینی ڕووکەشی ڕازی بووە و بەشی کردووە و سەیرکردنی جوان بووە، کەچی ناوەڕۆکی بۆش بووە. بەو شێوەیە نابێت و دروست نییە. ئەگەر ڕووی رۆژنامەت گۆڕی، دەبێت کاری زۆر بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکیش بکەیت.

– یەك لەو شتە نوێیانەی پێنج ساڵی ڕابردوو لەڕۆژنامەکاندا ڕوویانداوە، فۆکوس "تەرکیز" کردنە لەسەر خوێنەری ژن. ئەوە گرنگترین پرسیار و گۆڕینەکانی ڕۆژنامەی ئێکسپرێسە. تاکو ڕۆژنامەکەیان بۆ ژنانی نێوان 25–تا 35 ساڵ ئامادە بکەن. زۆرتر ئەو تەمەنانەن، هەموو پارە و ئابووری ماڵەوەیان بەدەستەوەیە، ئەوانەن کەلەماڵەوە بڕیار لەسەر زۆر پرسیاری گرنگ دەدەن. بۆیە دەبێت لەرێگای ڕۆژنامەوە خۆیان بناسن و رۆژنامە بەهی خۆیان بزانن. دەبێت ژن لەبابەتەکان بن و پرسیاری ئەوانیش بەرز بکرێتەوە. ڕۆژنامەی ئێکسپرێس، نوێنەرایەتی تەمەنی ناوەڕاست، کە قەڵەون و قاتی بۆریان لەبەرە و سیگار دەکێشن، دەکات. بۆ ئەوەی لەمردن رزگاری بکەین، دەبێت بیگۆڕین.

بینینی ژن و پیاو لەسەر شێوەی کۆن و خوێندنەوەی ئەوان بەڕای تۆ گۆڕاوە؟

– بەڵی تەواو ڕاست و دروستە. زۆربەی سەرنووسەرەکان، کۆنەپەرستانە بیر دەکەنەوە. ئەوان تا ئێستا لەو بڕوایە دان، پیاو دەربارەی وەرزش و ژنیش لەسەر چۆنێتی خواردن دروستکردن دەخوێننەوە. کەچی ئەمڕۆ، پیاو خواردن دروست دەکات و ژنیش ئارەزووی سەیرکردنی تۆپی پێی هەیە. ئەو گۆڕانکارییە دەبێت لەڕۆژنامە ببیندرێت.

گرانترین کاری گۆڕینی ڕۆژنامە چییە؟

_نازانم، لەوانەیە نەبینینی رۆژنامەیە وەك بەرهەمێك، بەڵکو وەك ڕوادێك سەیر دەکرێت. مرۆڤ دەترسێت لەوەی خوێنەر گۆڕانکارییەکان هەزم نەکات. دەتوانی لەگەڵ هەموو جۆرە بەرهەمێکی تر بەراوردی بکەیت. کۆکە کۆلا بەرهەمێکی نوێ دروست دەکات، ئەو بەرهەمە نوێیە سەر ناگرێت و باش نافرۆشرێت، بەرهەمەکە لەبازاڕ دەکێشێتەوە. بەهەمان شێوە ئەوانەی ئۆتۆمبێل یان کرێمی ددان دروست دەکەن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تر، کەچی رۆژنامەکان، ناوێرن تەنانەت هەوڵیش بۆ گۆڕانکارییەکان بدەن.

بۆ ئەم باسەمان رۆژنامەی یێتەبۆری پۆستن نموونەیەکی باشە. لەساڵی 1993 رۆژنامە بەتەواوی گۆڕدرا. 3/2 خوێنەران پێیان باشبوو، رۆژنامە بۆ قەبارەی تابلۆید بگۆڕدرێت. هەموو دەستەی نووسەران لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە ڕازی بوون و هیچ شتێکیان پێ لەوە باشتر نەبوو، بەڵام هیچیان بۆ گۆڕینی ئەم قەبارەیە نەکرد. لەمانگی شوباتی ئەمساڵ ئامادەی گۆڕانکارییەکان بوون. واتە حەوت ساڵ بەسەر ڕۆیشتنی داوای خوێنەران. لەهیچ بوارێکی تر بەوشێوەیە هەڵسوکەوتیان نەدەکرد. ئەگەر کۆمپانیای ڤۆڵڤۆ "دروستکەری ئۆتۆمۆبێل" بیزانیبا کڕیارەکانی ئەوان، دەیانەوێت لایتی ئۆتۆمبیلەکان زەرد بێت، یەکسەر بۆ زەرد دەیانگۆڕی. ئەوان حەوت ساڵ چاوەڕێیان نەدەکرد.

سەرنووسەران بەردەوام دەڵێن خوێنەرانمان کۆنسرڤاتیڤن و گۆڕانکاریان ناوێت و هەزمی ناکەن.

– ئەوە راست نییە. خوێنەران بەردەوام هەزمی گۆڕانکاریی لەسەرنووسەران زۆرتر دەکەن. من بەردەوام دەڵێم، ئەوەی سەرنووسەر تووشی جەڵتەی دڵ دەکات، خوێنەر تووشی پەسیوێکی سوکیش ناکات.

لە کۆتایی ساڵدا رۆژنامەی Svenska Dagbladet زۆر گۆڕانکاریتان تێدا کرد. لەوکاتە رۆژنامەکەتان لەقەبارەی گەورە بۆ تابلۆید گۆڕی. لەهەمان کات، زۆر ڕۆژنامەی تریش ویستیان خۆ بچووك بکەنەوە. تۆ چ بیروبۆچونێکت لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە هەیە؟

– چەند بچووکتر بێت، ئەوەندە باشترە. هەموو ئامارەکانی جیهان، ئەو ئاراستەیە نیشان دەدەن، کەخوێنەر دەیەوێت رۆژنامە بچوکتر بێتەوە. لەهەموو شوێنێك پرۆژەی بچووکبوونەوەی رۆژنامە هەیە. ڕۆژنامەیەکی وەك یێتەبۆری پۆستن، بێگومان پاش چەند ساڵێك بۆ تابلۆید دەگۆڕدرێت.

ئەگەر رۆژنامە قەبارە پڕەکان (گەورە)کانی بەیانیان بۆ تابلۆید بگۆڕدرێن، رۆژنامەکانی ئێواران چیان بەسەردێت، کە ئەمڕۆ بەقەبارەی تابلۆید دەردەچن؟

– بچوکتر دەبنەوە. لەوکاتە بەقەبارەی A4 کەمن زۆرم پێجوانە دەردەچن. دوو رۆژنامەم لە نەمسا بەقەبارەی A4 گۆڕی.

بەڕای تۆ ئەمە داهاتووی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژنامەی ئێکسپرێسە؟

– ئێ ی، لەوانەیە...

**ئیلڤە ماندرسۆن**

**ڕۆژنامەی یێتەبۆری پۆستن 17تەموزی 2001 لاپەڕە 34**

*جوانترین ڕۆژنامەی خەیاڵی گارسیا، لە ئەوروپا چاپبکرێت، وێنەکان فۆتۆگرافی ئەمریکی بیانگرێت، زەوقی لەئەمریکای لاتینەوە بخرێتە سەر*

***ماریۆ گارسیا**

تەمەن: 54 ساڵ

پیشە: دیزاینی رۆژنامە و شوێنی کار هەموو جیهان

باکگراوند: لەتەمەنی سیانزە ساڵ لە تەلەفزیۆنی کوبی ئەکتەری منداڵان بووە. بۆ ئەمریکا بۆ خوێندن رەوانەکراوە و لەزۆر رۆژنامەی خوێندکاران بۆتە سەرنووسەر، مامۆستای دیزاین و گرافیکی بەشی هەواڵ. راوێژکار لە ساڵی 1976 لەزۆر رۆژنامە. ئەو 476 رۆژنامەی لە 47 وڵات گۆڕیوە.

شوێنی ژیان: تامپا لە فلۆریدا/ ئەمرکا.

باری خێزانی: ژنی هەیە لەگەڵ چوار منداڵ و دوو نەوە.

ئارەزوو: یۆگا کردن.

کاری ئێستای: گۆڕینی ڕۆژنامەی ئێکسپرێس و نەرمتر کردنی.

کاری داهاتوو: گۆڕینی رۆژنامەی بۆهوس بۆ تابلۆید، کە 123 ساڵە بەقەبارەی پڕ دەردەچێت.

# لە تیشکە درەوشاوەکانی ئاژانسی UPI



ئاژانسی UPI ی نێو دەوڵەتی ، ماوەی دە ساڵ جارێک جوانترین ڕیپۆرتاژو بە دواداچوونی ڕۆژنامەوانی لەسەر ئاستی جیهان هەڵدەبژێرێ و لە ماڵپەڕەکەیدا لە ژێر ناوی (بەدواداچوونی درەوشاوە) بلاودەکاتەوە.

ئەو ڕیپۆرتاژانە بە جوانترین تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی، یان جوانترین ڕوداوو، کە چاوی ڕۆژنامەنووس وێنای کردبێت ئەنجامدراون.

(کۆوار) هەم وەک کارێکی ڕۆژنامەنووسی، هەم لە پێناو ئاشناکردنی کادرانی نوێی میدیای کوردی بە هونەری ڕۆژنامەنووسی جیهانی، لە هەر ژمارەیەکدا ڕیپۆرتاژێک لە ئینگلیزیەوە دەکاتە کوردی و بلاوی دەکاتەوە، بەو ئومێدەین ئەم پێنگاڤە سوود بەخش بێت.

**ئاشنا جەمال**

## یەکەم کەس، کە کەوتنی ڤێتنامی بینی

# ئەو ڕوناکییەی کز دەبێ و دەکوژێتەوە

**تیشکە درەوشاوەکانی 1971-1980**

**لە هەڵبژاردەکانی UPI -9ی مایۆی 1975**

**لیۆ دانیاڵ***

**سایگۆن UPI.. من دەمزانی کە شەڕ کۆتایی هاتووە، بەڵام بڕوام نەدەکرد تا پەنجەرەکە نەچەمایەوە.**

لە خواروی خوارەوە، دەنگی بەهێزو قوڵی تانکەکانی کۆمۆنیزم لە خوارووی شەقامی تیودۆ دەهاتە گوێ، بارەکان ڕوتەڵەك بوون، ئەو بارانەی کە خزمەتی حەزی هەزارەها کچی ئەمەریکیان دەکرد. لە شەقامی تیودۆ، لە نیوەی میلی جادەکە، سواڵکەرو دزو دەسەڵاتدارانی لێبوون، ڤێتنامییەکانی باکوور و تانکەکانی ڤیت کۆنگ، قیرتاوی شەقەماکانیان قوت دابوو. پێش جەنگ شەقامی تیودۆ زۆربەی ئەو شتانەی کە دەتوویستن دەسدەکەوتن، لە نێو ڤێتنامیەکان تیودۆ بە (ئازادی) ناسرابوو.

ڕێگا ڕاست و ڕەواکانی باشوری ڤێتنام لەو شەقامەدا، گوزارشتیان لە خراپترین پایتەخت دەکرد، لە 30 نیسان ئەمەریکیەکان کشانەوە، حکومەتی باشووری ڤێتنامیش تەسلیم بە کۆمەنیستەکان دەبن.

پاش سی ساڵ لە شەڕی ڤێتنام، جەنگ کۆتایی دێت.

چەند کاتژمێرێك دواتر، یەکەم کاروان لە تانکەکانی کۆمۆنیزم بە دەنگە بەرزو قوڵکانیان بەرەو پایتەخت ڕۆیشتن.

(ئالان داوسن)ی بەرێوەبەری نوسینگەی UPI لە سایگۆن وتی "من لە پەنجەرەکانی نوسینگەوە، سەیری کۆمەنیستەکانم دەکرد، کە لە دوا قۆناغی بەرگری دابوون، بەڵام کۆمەنیستەکان لە باشوری ڤێتنام شکەستیان هێناو دەرکران و بەلەمەکانیان پڕکردن لە دەریاوان و خێزانەکانیان، بە نیاز بوون لە ڕووباری سایگۆنەوە بۆ شوێنێکی ئارامتر هەوڵی ڕاکردن بدەن، کە ( باشووری ڕوبار چین) بوو".

کاتێك تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکە کێشا، ئێمە بینیمان کە تەقەمەنییە غەمگینەکانیان لە دوورەوە دەتەقینەوەو شوێنپێی گوولەکانیان خێرا بەرەو ئاسمان گڕیان دەگرت و لەوێش لە پڕ دادەگیرسان. لەگەڵ هێور بوونەوەی تەقینەوەکان، ئێمە چاوەڕێی هاتنی دەسەڵاتی سەرکەوتوومان دەکرد، کە بێنە سەر شەقام، بەڵام هەرگیز نەهاتن.

ئێمە خۆمان لەو موجازەفەیە داو هاتینە سەر شەقام، زەردەخەنەی گەورەمان بەرووی قافڵەی کۆمەنیستەکان دەکرد،



شەڕی ڤێتنام، گەورەترین شەڕی سەدەی بیستەم لە پاش جەنگی جیهانی دووەم   کۆوار

ئەو کۆمۆنیستانەی کە پێشتر لەگۆڕەپانی جەنگ بینیبوومانن، ئەو کاتەش هەستمان ئاسودەیی دەکرد، کە هەندێکیان بەڕووی زەردەخەنەکانمان پێدەکەنینەوە.

پاش چەند رۆژێك، ئازادانە پیاسەمان بە شەقامەکان دەکرد، لەگەڵ ئەوەش تێبینی ئاشتییەکی نێرجیسیانەمان دەکرد.

زۆربەی سواڵکەرەکان، لەگەڵ هێندێك موددمینەکان گەڕابوونەوە شەقامی تیودۆ، بەڵام ئاڵاکانی ڤیت کۆنگ لە دیوی دەرەوەی پەنجەرەی بارەکان هەڵواسرابوون، ئەمەش وایلێکردم، کە باوەڕبهێنم "ئیدی هەرگیز ئەو شەقامە نایەتەوە دۆخی جارانی".

کاتێك گەڕامەوە شەقامی سەرەکی، بارهەڵگرو پاشماوەی تانکەکانم بە داگیرساوی لە هەردوو سایدی شەقامەکە بینی، لەگەڵ ئەوەش پەناهەندەکان لە بڕی ئەوەی لە باکوور بچنە باشوور کە ئارامی لێبوو، دەچوونەوە ماڵ، بەڵام زۆربەی ئەو پەناهەندانە تا ئێستاش نەدۆزرانەوە.

جەستەی مردووی خەڵکی شار و سەربازەکان بە درێژایی شەقام بە ڕووی باکوور کەوتبوون و بۆنێکی ناخۆش، کە تێکەڵەیەك بوو لە دووکەڵی لەسەر خۆی گۆڕەپانی شەڕو جەستە مردوەکان کاسیان دەکردین.

لەو چەند رۆژەدا، کاتێکی زۆرمان لەبەر دەست دابوو، لەو کاتانەشدا بێ ئەوەی تێکەڵبین، سەیری بە تاڵکردنەوەی ئەمەریکیەکانمان دەکرد لە ڤێتنام، کە کۆتایی دەهێنا بەو پەیوەندییەی، کە چارێگە سەدەیەکی خایاند لەگەڵ باشوری ڤێتنام.

من بە لایەنی کەم نیو دەرزەن لە ئەمەریکیەکانم بینی، کە شوێنەکانیان بە رووی کۆپتەرەکان جێنەدەهێشت، بەڵام ئەمانە جێگای پێکەنین و رەخنە لێگرتن بوون، چونکە کشانەوەی ئەمەریکیەکان دەستی پێکردبوو.

زۆربەمان بەرامبەر ئەو ڤێتنامیانەی کاریان بۆ ئەمەریکیەکان دەکرد، بێ هیوا بووین، لەگەڵ ئەوەش ئەمەریکیەکان کە پێشتر مژدەی گەرماوێکی پڕ لە خوێنیان پێدرابوو، سەر نەکەوتن. چونکە گەڕانەوەو هیچ بەڵگەیەکی ئەو گەرماوە پڕ خوێنە لە ئارادا نەبوو.

شەوێك پێش ئەوەی کۆتایی بێ، هێندێك لە ڤێتنامییەکانم بینی زۆر پەرۆش بوون بۆ رۆیشتن، ئەوانەش کە مابوونەوەو هێشتا دەرنەچووبوون، پرسیاریان دەربارەی رێگای دەرچوون لەو ئەمەریکیانە دەکرد، کە مابوونەوە.

ئەو روناکیەیەی کە لە تۆنێلەکەوە دیار بوو، کز دەچووەوەو هەمدیس دادەگیرسایەوەو خەڵکی باشووری ڤێتنامیش بەرەو کۆتایی تۆنێل دەسوڕانەوە.

*** لیۆن دانیاڵ نووسەری هەواڵنامەی گشتی ئاسیا بوو لە هۆنگ کۆنگ، لە 5ی نیسانی 1975 دێتە سایگۆن بۆ دروستکردن و بەدوا داچوونی هەواڵەکانی شەڕ، بەڵام بۆ هەواڵنێری ئاشتی مایەوە. لە ساڵی 1966 وەك رێپۆرتەر بۆ ئاسیا رێپۆرتاژی ئامادە دەکرد، بۆ یەکەمین جاریش لە ڤێتنام وەك پەیامنێری شەڕ کاری کردوە، پاشانیش بەر لەوەی لە ساڵی 1974 بچێتە هۆنگ کۆنگ لە (تۆکیۆ، بانگ کۆك، نیو دیلهی و مەنێلا) کاری کردوو.**

**لیۆ دانیاڵ، بە نەژاد خەڵکی (ئیتۆ_تین) ەو دەرچووی زانکۆی (تێنس)ە..**

**هەروەها لە (ناشڤێڵ_تێن) پەیوەندی کرد بە UPI**

**لە ساڵی 1956 لە (نۆکس ڤێڵ) و (ئەتلەنتا) پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە کاری کردووە.**

ashna_gardi@yahoo.com

# راگەیاندن و کلێشەکاری

رەگەز رەشید

تا ئەو ساتەی ئێستاش، کارکردن لە نێو راگەیاندنی کوردی، لە زۆربەی کەناڵەکاندا لە وەزیفەیەکی حکومییەوە نەپەڕیوەتەوە بۆ (دەسەلاتی چوارەم)* و بەشی زۆری کادیرانی راگەیاندنی ئێمە، نەیانتوانیوە راگەیاندن (وەك سەکۆیەك بۆ بژێوی ژیان) سەیر نەکەن.. بە واتایەکی دیکە، رەنگە زێدڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین بەشێکی زۆر لە رۆژنامەنووس و ئەو رێپۆرتەرانەی کە ئەمڕۆ هەواڵنێر، پەیامنێری کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردین، وەك هەر فەرمانبەرێکی دیکەی حکومی، لەو نێوەندە دەروانن و رەنگیشە بە ئاسانترین شوێن و کار بۆ بژێوی ژیان تێی پێناسە بکەن.. لەکاتێکدا، لەدەرەوەی ئەو هاوکێشە سواوە، راگەیاندن لە دونیادا وێڕای ئەوەی کە (هونەر)ە، ئەو دەسەڵاتەشە کە چاودێری دەکاتە سەر دەسەڵاتەکانی دیکەو قورسترین ئەرکی لەسەر شانە.

ئەکرێت زۆر جار لەو گفتوگۆیە جددیانەی کە لەسەر راگەیاندنی کوردی کراوە، وترابێت کە راگەیاندنی کوردی درێژکراوەی راگەیاندنی رژێمی بەعسە و لە رووی کارکردنەوە، بە هەمان کلێشە کار دەکات، کاتێکیش ئەو راگەیاندنە بە نێو شەڕی براکوژی تێپەڕ دەکات، بەشێك لە گوتاری کارکردنی دەبێتە موجامەلەکردنی دەسەلات، نەوەك چاودێری کردنی.. لەدەرەوەی ئەو مەفهومەشەوە، دەتوانین بڵێین کە راگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە بە سادەترین ئەرکی خۆی هەڵسێ، کە وێناکردنی ئاخافتن و کێشەکانی کۆمەڵگەیە، هەرکاتێکیش راگەیاندن نەیتوانی ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و توێژو چینەکانی کۆمەڵگە خۆیان لەنێو بدۆزنەوە، ئەوا ئیفلیج



زۆری بڵاوکراوە.. کەمی گۆڕان لە کۆمەڵگەی کوردی..کۆوار



دەبێت.. کاتێکیش سەیری تیراژی بڵاوکراوە کوردیەکان دەکەین، تێدەگەین کە لەنێو کۆمەڵگەیەکی چوار ملیۆنی، پڕ فرۆشترین بڵاکراوە ناگاتە (18)هەزار دانە (کە خۆشم گومانم لەو رێژەیە هەیە)!. لە کاتێکدا لە دوای راپەڕینەوە تا ئێستا بە دەیان رۆژنامە و بڵاوکراوەی حزبی و سەربەخۆ لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا کار دەکەن، ئەمە وێڕایی چەندان رادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و سایتی ئەلیکترۆنی.

ئەوەی لێرە کت و مت ئەمەوێت بیخەمە روو، ئەرك و میکانیزمی کارکردنی راگەیاندنە، کە دەبێت میتافۆری ئەو ئاوێنەیە بێت، کە کۆمەڵگا خۆی لەناو بدۆزێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ ببەستێت، بۆیەش ناکرێت پێمان وابێت ئەرکی راگەیاندن هەر بەتەنها گواستنەوەی ئاخافتنی خەڵکیەو بەس، بەڵکو دەبێت لە تەك ئەو گواستنەوەیەشدا جۆرێك لە هونەری دارشتن پیادەبکرێت.. واتە دەبێت چاوی رۆژنامەنووس لە وێنەی ئەو کامێرایە بچێت کە گرنگترین رووداو و ئاخافتنەکان بکاتە وێنەو بیگوازێتەوە بۆ خوێنەر.. من لێرەوە نموونەی ئەو رێپۆرتاژو بەدواداچوونانەی ئاژانسی UPI بە نموونە دەهێنمەوە کە زیاتر لە سەدەیەکە لە نێو راگەیاندن کار دەکاو لە دە ساڵ جارێك باشترین بەدواداچوون هەڵدەبژێرێ (کۆوار لە ژمارەکانیدا لە ژێر ناوی تیشکە دەروشاوەکان بڵاویان دەکاتەوە)، کاتێکیش ئەو رێپۆرتاژانە دەخوێنیتەوە، تێدەگەیت کە ئەرکی رۆژنامەنووس هەر بەتەنها خستنە رووی رووداوەکان نییە، بەڵکو چۆنیەتی وێناکردن و دارشتنییەتی، کە دواجار خوێنەر لە رێگەی ئەو جۆرە گرتانە ناچار دەکات بیانخوێنێتەوە.

بۆیەش پێم وایە راگەیاندنی کوردی ئەو کات دەتوانێت لەو سیاقە سواوەی ئێستا رزگاری بێت، کە رۆژنامەنووس ئەرکی سەرەکی خۆی بدۆزێتەوەو دڵنیا بێت لەوەی دونیا بینینی ئەو یەکسانە بە گرتەی هونەرمەندێکی واقیع بین، کە دواجار لە رێگەی دارشتن و میکانیزمی کارکردنیەوە، متمانە بۆ راگەیاندن و خوێنەر بگەڕێنێتەوەو لە رێی بوێری کارکردنیشەوە، راگەیاندن بباتەوە سیاقی خۆی کە (دەسەڵاتی چوارەم)ە.

*دەسەڵاتی چوارەم، پێش زێتر لە 200 ساڵ لەمەو بەر، (ئیدمۆند بیرۆکە)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی بەکاریهێناوە، مەبەستیش لە دەسەڵاتی چوارەم، دەسەڵاتی رۆژنامەنووس و راگەیاندنە، لەپاڵ هەرسێ دەسەڵاتەکانی دیکەی (یاسادانان، راپەڕاندن و دادوەری) کار دەکات.

r_ragaz@yahoo.com

# کورد و ..زمانی ستاندارد

یادگار ڕەسوڵ باڵەکی*



### ڕێگاکانی دروستبوونی زمانی ستاندار چین؟

**مەبەست** لە زمانی یەکگرتوو (ستاندارد)، ئەو زمانەیە کە زمانی ڕەسمیی وڵاتە و زمانی نووسینە، زمانی ڕاگەیاندن و خوێندنە، زمانێك، کە بەلایەنی کەم کۆی خوێندەواران لێی تێدەگەن و پێی دەنووسن. هەر زمانێك لە کۆمەڵێك زار و شێوەزار پێك دێت، بەڵام دواجار تەنها شێوەیەکیان دەبێتە زمانی ڕەسمیی وڵات. چەند ڕێگایەکمان هەیە کەوا دەکەن شێوەیەك بەرەو ستانداربوون بچێت، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:.

1–ئەدەب و کلتووری نووسراو:. زمانی ستاندارد، بەم پێیەی کە زمانی نووسینە و لەناو زۆربەی میللەتانیشدا لەو چەند سەد ساڵەی دواییدا هاتۆتە ناوەوە، زۆرجار پشتی بە کلتووری نووسراو بەستووە، واتە پشتی بەو ڕێسا و دەستووره ڕێزمانیانە بەستووە، کە پێشتر نووسینی پێ تۆمارکراوە. کلتووری نووسراو لەناو زۆربەی میللەتاندا ئەگەر هەبووبێت ئەدەب بووە (بە شیعر و پەخشانەوە). کاتێك ئەو ئەدەبە توانیویەتی ڕەگێکی قوڵی هەبێ و کاریگەریی لەسەر خوێندەواران دروست کردبێت، ئەوە بووەتە بنەما بۆ زمانی یەکگرتوو. نموونەی زمانی ستانداردی ئینگلیزی لەبەرچاوە، دەبینین ئەو یاسا و دەستورانەی لە زمانی ستانداردی ئینگلیزیدا هەن سەرەتاکەیان بۆ ئەو ئەدەب و نووسینانە دەگەڕێتەوە، کە لە سەدەی (16) و (17) و لەسەر دەستی شاعیرێکی گەورەی وەکو (شکسپیر) هاتنە ناوەوە. لە ئەنجامی کاریگەریی ئەو ئەدەبیاتە، بە تایبەتی شانۆگەرییە شیعرییەکانی (شکسپیر) لەسەر خوێندەواران و پەڕینەوەیان بۆ ناو خەڵکەکە وای لێهات زمانی نووسینی ئەدەب لەو سەردەمە، ببێتە بنەمایەك بۆ زمانی یەکگرتووی ئینگلیزی کەتا بە ئەمڕۆ بەکاردێت.

2–ئایین:. لەگەڵ خاڵی یەکەمدا لەوە یەکدەگرنەوە، کە ئایینیش لە ڕێگەی دەقێکی نووسراوەوە ماوەتەوە. زمانی عەرەبی باشترین بەڵگەیە، کە بڵێین ئایین و زمانی ئایین بوونەتە هۆی دروستبوونی زمانی یەکگرتووی عەرەبی. دیارە ئەو ڕێزمانەی کە قورئانی پێنووسراوە بۆ ئەو شێوە قسەکردنە دەگەڕێتەوە، کە (هۆزی قورەیش) لە دورگەی عەرەبی قسەیان پێدەکرد. زمانی عەرەبی بێجگە لەو شێوە قسەکردنە، خاوەنی چەندین شێوەی تر بووە، بەڵام لە ئەنجامی هاتنە خوارەوەی قورئان بەم شێوە قسەکردنە و پابەندبوونی خەڵکەکە بە ئایین، وایلێهاتووە بەرەبەرە ئەو زمانی نووسینە بڵاوببێتەوە و تا دواتر بووەتە زمانی یەکگرتوو، کە ئێستا لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، بە جیاوازیی شێوەی قسەکردنیان، بەکاردێت.

3–بەرەوپێشچوونی شێوەیەکی زمان لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری:. لەناو هەر زمانێکدا چەند شێوەیەکی قسەکردن هەیە، جاری وابووە یەکێ لەو شێوانە لەبواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و لە بواری هەبوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یاخود لە ڕووی داهێنانی زانستی و تەکنەلۆجی، پێشکەوتووتر بووە. یان جاری وابووە لە ڕووی ئابووری، شارێك، کە خاوەن شێوەقسەکردنی خۆیان بوون، هاتوچۆیەکی گەورەی بازرگانیی لەسەربووە و خەڵك لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکردووە. ئەمانە وایکردووە شێوە زمانە پێشکەوتووەکە بپەڕێتەوە بۆناو شێوەکانی تریش و لە کۆتاییدا ببێتە زمانێکی ستاندارد. نموونەی زمانی کوردی دەهێنینەوە، ئەگەرچی ستاندارمان نییە، بەڵام ئەو نیمچە ستانداردەی لە ناوەڕاستی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، گەرمیان، موکریان، ئەردەلان) هەمانە بۆ ئەو بەرەوپێشوەچوونەی شێوەقسەکردنی شاری سلێمانی، لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە



و لە ئەنجامدا پەڕیوەتەوە ناوچەکانی تری ناوەڕاستی کوردستان.

4–سەپاندنی شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتەوە:. ئەمەش بەچەند شێوەیەك دەبێت، دەکرێ دەسەڵات شێوەیەك دەست نیشان بکات و بەسەر خوێندن و ڕاگەیاندن و دەزگا ڕەسمییەکانی بسەپێنێ، دەشکرێت دەسەڵات دەزگایەکی گەورە دابمەزرێنێ، کە پێکهاتبێ لە پسپۆری هەموو بوارەکانی پەیوەست بەم مەسەلەیەو، ئەوان بناغەیەك بۆ شێوەیەکی یەکگرتوو دابڕێژن و دواتر ئەو شێوە پەسندکراوە بەسەر خوێندن و ڕاگەیاندن و دەزگا ڕەسمییەکان بسەپێنرێ.

### بۆچی خاوەنی زمانێکی یەگرتوو و ستاندارد نین؟

بەو پێوانەیەی، کە لە سەرەتادا بۆ زمانی ستاندارمان داناو وتمان زمانی ڕەسمیی وڵاتە و سەرجەم خوێندەواران پێی دەخوێنن و دەنووسن، ئەوە دەشێت بڵێین کورد زمانێکی یەکگرتوو و ستانداردی نییە. ڕاستە خاوەنی کۆمەڵێك شێوە قسەکردنی جیاجیایە، بەپێی بۆچوونی زۆربەی پسپۆران و زمانەوانان چوار دیالێکتی سەرەکیی کوردی هەیە (باکور، ناوەڕاست، باشوور، گۆرانی) و هەریەك لەو دیالێکت (زار)انەش کۆمەلێك شێوەدیالێکت(شێوەزار)ی لەخۆوەگرتوە، بەڵام زۆر لەو شێوەزارانە نەیانتوانیوە بپەڕنەوە ناو زمانی نووسین و بەرهەمیان پێ بنووسرێ و تا ئێستاش بمێننەوە، ئەوەی بە شێوەیەکی بەربڵاو ئێستا لە کوردستان پێی دەنووسرێت، دەکرێ بڵێین دوو شێوەی سەرەکین و ناویان بەدوو نیمچە ستاندار ببەین. نیمچە ستانداردێك لە ناوەڕاستی کوردستان (کە لەسەردەمی ئێستادا لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و گەرمیان و موکریان و ئەردەلان پێی دەنوسرێت) و نیمچە ستانداردێکی تر لە باکوری کورستان (کە ئێستا لە کوردستانی باکور و ڕۆژئاوا و ناوچەکانی دهۆك لە کوردستانی باشور و شکاك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، خەڵك پێی دەنووسن).

کە پرسیاری نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی دەکرێت، زۆربەمان بیرمان بۆ مەسەلە سیاسییەکە

دەچێت و دەڵێین لەبەرئەوەی خاوەن کیانێکی سیاسی نەبووین و نین، بۆیەش زمانێکی یەکگرتوومان نییە. بەڕێژەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایین، بەڵام لەپاڵ کێشەی سیاسی دەشێت چەند هۆکارێکی تریش لە ئارادا هەبن، کە لێرەدا لە چوار خاڵدا خەستیان دەکەینەوە:.

1–نەبوونی کیانێکی سیاسی، کە هەموو کوردستان بگرێتەوە:. یەك لە هۆکارە سەرەکییەکانەو، سروشتی کورد وابووە هەر لە کۆنەوە خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە و، هەمیشە لەژێر دەستی ئەم و ئەو دابووە. کوردستان زۆربەی کات پارچە پارچەبووە و هەر پارچەیەکی لەژێر حوکمی وڵاتێکی تر بووە. ئەمە وایکردووە تێکەڵاوی لە نێوان ئەم پارچانەدا کەم ببێتەوە. یەکێ لەو دابەشکردنانەی، کە بەسەر کوردستاندا هاتووە، ئەو دابەشکردنەی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمە، کە تیایدا کوردستان بەسەر چوار پارچەدا دابەشکرا و هەر پارچەیەکی بە وڵاتێك لکێنرا (عێراق، سوریا، ئێران، تورکیا). ئەمە وێڕای زەرەرگەیاندن بە کورد لە زۆربەی لایەنەکان، زەرەری دواخستنی زمانی ستانداردیشی هەبوو، بەو حوکمەی پێشتر ئەگەر هاتوچۆی نێوان پارچەکان ئاسایی بووبێ، ئەو جارەبووە کارێکی ئەستەم، دەبوو کورد بە زەبری پاسپۆرت و ڤیزا، یانیش قاچاغەوە لە پارچەیەکی کوردستان بەرەو پارچەکەیەکی تر بچێت، کە بەشێکە لە وڵاتی خۆی. دیوارێکی دەستکرد لە نێوان خەڵکەکە دروستبوو، کە بەدڵ و ئارەزووی خۆیان نەبوو، بێ دەسەڵاتیی کوردیش لە ئاست ئەم تاوانەدا و لەو سەردەمەدا وایکرد تا ڕاددەیەکیش بە بێدەنگی بمێننەوە. ئەمە بەرەبەرە وایکرد جیاوازی بکەوێتە نێوان شێوەی قسەکردنەوە. نموونەی شاری (زاخۆ) دەهێنینەوە، کە لە ڕووی سروشتی جوگرافییەوە سەر بە ناوچەی جەزیرە و بۆتانە، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای دهۆکە. ڕەگی شێوەی قسەکردنی خەڵکی زاخۆ زیاتر بەلای جزیرە و بۆتاندا دەشکێتەوە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو هەشتا ساڵەی دابەشبوونی کوردستان و دابڕانی زاخۆ لە ناوچەی بۆتان، جیاوازییەکی ئەوتۆ کەوتۆتە نێوان شێوەی قسەکردنیان.

بە کورتی هۆکاری سیاسی بۆ دروستنەبوونی زمانی ستاندارد لە دوو خاڵدا دەردەخەین:.

أ// کیانێکی سیاسیمان نەبووە بۆ ئەوەی دواجار بڕیار لەسەر دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو بدەین.

ب// نەبوونی کیانی سیاسی وایکردووە لەژێر دەستی وڵاتانی تردابین و ئەوانیش بێجگە لە پارچەپارچەکردنی خاکی کوردستان، ڕۆلیان لە پارچەپارچەکردنی زمانی کوردیش هەبووە، ئەویش بە دانانی سنوور لە نێوان پارچەکان و ڕێگرتن لە تێکەڵاوبوون.

2–تێکەڵاونەبوون بە هۆی سروشتی جوگرافی :.بەپێچەوانەی زۆر لە وڵاتان، کوردستان وڵاتێکی شاخاوی و پڕە لە ڕووبار و چیا و شاخی بەرزو سەخت ودەشت ودۆڵی قووڵ و بێ ڕێگاوبان. هەروەها سەرما و سۆڵەی زستان و بارینی بەفر، ئەمانە بوونەتە مایەی لێکدابڕانی خەڵکەکە لە یەکتر و تێکەڵاونەبوونیان، بەو پێیەش کە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، وایلێهاتووە، کە جیاوازی بکەوێتە نێوان شێوەی قسەکردن لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر. ئەگەر ناوچەیەکی شاخاوی بە نموونە وەربگرین و لە شێوەی قسەکردنیان بکۆڵینەوە لە ئەنجامدا دەگەینە کۆمەڵێك جیاوازی لەگەڵ شێوە قسەکردنی خەڵکی شارێك یان ناوچەیەکی تری شاخاوی. دیسان زێ و ڕووبارەکان لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا دابڕانێکی زۆریان دروستکردووە، زێیەکی وەکو (زێی بادینان) وایکردووە خەڵکی ئەم بەرو ئەو بەر بەدوو شێوەی جیاواز قسەبکەن، ئەوانیش دوو شێوەی سۆرانی و بادینی، خۆ لە ڕووی نزیکیی جوگرافی هەردوو شاری هەریر و ئاکرێ–ئەگەر بە نموونە بیانهێنینەوە– لەیەك نزیکن و لەم ماوەیەی دوایشدا تێکەڵاویەك بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و دروستبوونی پرد و ڕێگاکانی پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستبووە، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی زووتر وەربگرین بەو ڕاستییە دەگەین، کە ئەم دوو شارە وێڕای نزیکییان لە یەکتر، بەڵام دوو شێوە قسەکردنی جیاوازبوونە، (هەریر) نێوەندی دەسەڵاتی سۆران بووە بۆ ماوەیەك و (ئاکرێ)ش بەلای بادینیدا دەشکێتەوە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش دیارە کە (زێی بادینان) ئەو جیاوازیی قسەکردنەی دروستکردووە و وایکردووە – بەدەر لە ئێستا– تێکەڵاوی نەبێت یاخود کەم بێت.



## له پێناو زمانی ستانداردی کورد

کۆوار

لە دەرەنجامی ئەو خاڵەشدا بەوەدەگەین، کە بڵێین سروشتی سەختی کوردستان و پێکهاتە جوگرافییەکەی، هۆکارێك بووە بۆ تێکەڵ نەبوونی خەڵکەکە و ئەم تێکەڵ نەبوونەش وایکردووە چەند شێوە قسەکردنێك بێنە ئاراوە، هەبوونی چەند شێوە قسەکردنێکیش کەم تا زۆر بۆتە مایەی ئەستەم کردنی دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو.

3–نەبوونی ئەدەبیاتێکی فراوانی یەکگرتووی کوردی:. ناشێت بڵێین کورد ئەدەبیاتێکی لاوازی هەیە،هەروەك ناشێت بڵێین خاوەن فراوانترین کلتووری ئەدەبین. کورد بەپێی هەلومەرج و ڕەخسان ئەدەبیاتێکی هەیە، ئەو ئەدەبیاتەش ئەگەر لە زۆر لە میللەتانی تر زۆرتر نەبێت، کەمتر نییە و لە هەمانکاتیشدا لە ئاستێکی بەرزدایە. هەر لە بابەتاهیرەوە بگرە تا دەگاتە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و تا دەگاتە نالی و سالم و کوردی و دواتر لەدایك بوونی بزووتنەوەیەکی نوێی ئەدەبی لەسەر دەستی شێخ نوری و گۆران و پیرەمێرد و تادەگاتە ئەمڕۆ، کورد خاوەنی چەندین قوتابخانەی ئەدەبییە. ئەدەبیش –وەك لە پێشتر لێی دواین– کۆنترین کلتووری نووسراوی میللەتانە و بناغەبووە بۆ زمانی ستاندارد لای هەندێ لەو میللەتانە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بوترێ ئەوەیە، کە کورد لە ئاست مێژوو و بارودۆخی ژیانی کوردەواری، بگرە زیاتریش، ئەدەبی خۆی هەیە، بەڵام ئەو ئەدەبە یەکگرتوو نەبووە، چەند قوتابخانەیەکی ئەدەبی نووسراومان لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام هیچ کام لەو قوتابخانانە نەیانتوانیوە ڕەگێکی واقووڵ دابکوتن، کە هەموو ناوچەکانی تر بگرێتەوە، بەواتایەکی تر ئێمە (شکسپیر)ێکمان نەبووە، کە شیعر و ئەدەبەکەی پەلوپۆ بۆ هەموو ناوچەکانی تر بهاوێژێت، دیارە ئەو قوتابخانانە کاریگەریان لەسەر دەوروبەری خۆیان هەبووە، بەڵام بۆ هەموو کوردستان نا، قوتابخانەی دیالێکتیەکانی گۆرانی و خواروومان هەبووە، کە شاعیرانی وەکو (بابەتاهیر، شاعیرانی ئایینی یارسان (ئەهلی حەق)، بێسارانی، مەلای پەرێشان، مەولەوی...) ڕابەریان بوونە، بەڵام ئەم قوتابخانەیە نەیتوانی لە سنوری ئەو دوو دیالێکتە تێبپەڕێت، بگرە دواتر بەرەبەرە بەرو کزی چوو و قوتابخانەی دیالێکتی ناوەڕاست، کە (نالی و سالم و کوردی) ڕابەری بوون، جێی گرتەوە. هەروەك قوتابخانەی شیعریی دیالێکتی باکور بەڕابەرایەتیی (مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، عەلی حەریری، فەقێی تەیران)یشمان هەبووە، بەڵام لە سنوری باکوری کوردستان تێپەری نەکردووە، یاخود قوتابخانەی دیالێکتی ناوەڕاست (نالی و سالم و کوردی)، ئەگەرچی کاریگەریی لەسەر دیالێکتی خواروو گۆرانی دروست کردووە، بەڵام ئەویش نەیتوانیوە بپەڕێتەوە باکوری کوردستان، لێرەدا بەو ڕاستییە دەگەین، کە بڵێین نەبوونی ئەدەبیاتێکی یەکگرتووی پێگەفراوان لە سەرتاسەری کوردستان، کە خەڵك لێی تێبگات و کێشەی لەگەڵ نەبێت، هۆکارێك بووە بۆ درەنگ کەوتن و دروستنەبوونی زمانی ستاندارد و، بگرە وایکردووە زیاتر لە نیمچە ستانداردێك لە کوردستان بێنە ئاراوە.



ئەو دەمەی کتێبخانەکان لە زمانی ستانداردی کوردی بێبەشن.

4- کەمتەرخەمی و ناڕێکیی هەوڵی زانستی و ئەکادیمی: ئەگەر بە مێژووی نووسینی کوردیدا بچینەوە هەندێ جار -ئەگەرچی زۆریش کەمە- پرسی دروستکردنی زمانی ستاندارد وروژێندراوە، جا چ لەسەر ئاستی تاکەکەس یا لەسەر ئاستی کۆمەڵ. بەر لە ڕاپەڕین هەوڵەکان ئەگەر کەمیش بووبن ئەوەندە جێگای گلەیی نین، بەو پێیەی کە کورد خۆی خاوەنی دەسەڵات نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا بەر لە ڕاپەڕین، بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتاکاندا، لە ڕێگەی (کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد) چەند کارێك وەك ڕێگە خۆشکەر بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی ئەنجام دران. بەڵام ئەوەی زێتر جێگای گلەیی و لەسەر وەستانە ماوەی دوای ڕاپەڕینە. ناکرێ بڵێین هەوڵ نەدراوە بۆ کارکردن، بەڵام هەموو ئەو کارانەی کراون، کەمتر بوونە لە پێویست و زۆر جاریش کارەکان، ئەگەر کرابن، بە ناڕێکی و تەواو لەسەر بنەمایەکی زانستی نەکراون. چەندساڵێك بەر لە ئێستا لە بەغدا کۆڕێکی زانیاری هەبوو، لە هەولێر هەبوو، دەنگۆی ئەوەش دروستبوو کە لە سلێمانیش شتێکی لەو جۆرە دروست ببێت. لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی خوێنەر دەکەم، تۆ ئەگەر لە پارچەیەکی کوردستان خاوەنی سێ کۆڕی زانیاری بیت و هەریەکەشیان خاوەن پەیڕە و پڕۆگرامی تایبەت بەخۆی بێت تۆ بڵێی چ ستانداردێك بۆ زمانی کوردی بێتە ئاراوە؟ وەڵامەکەی با لای خوێنەربێت.

ئێمە کۆڕی زانیاریمان هەبووە و چەندین کاریشیان ئەنجام داوە، کە جێگای دەستخۆشین، بەڵام ئەوەش دەڵێین، کە کەم و کورتیشیان هەبووە بە تایبەتی لەوەی کەتا ئێستا نەمانتوانیوە خاوەن دەزگایەکی هاوشێوەی کۆڕی زانیاری کوردستان بین، کە کاربکات بۆ زمانی ستاندارد بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان. ئەوانەی بەم ناوەش (واتە کۆڕی زانیاری)هەن چ لە هەولێر یان بەغدا یان شوێنەکانی تر پێویستیان بە ڕێکترکردنی کارەکانیانە و تەواو هەوڵی ئەوە بدەن، کە کەسانی پسپۆر لەبوارە جیاجیاکاندا بدۆزنەوە و کاریان پێبکەن، لەسەرووی ئەمەشەوە کورد، کە زمانێکی هەیە و میللەتێك قسەی پێدەکات، دەبێت تەنها یەك کۆڕی زانیاریشی هەبێت.

دەستکاریی پڕۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، لایەنێکی دیکەی ناڕێکە، کە بۆ زمانی کوردی ئەنجام دراوە، کەواتە وێڕای کارەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، کە کەم و کورتیان تا ئێستا پێوە دیارە و نەیانتوانیوە تەواو بپەرژێنە سەر ئەم بابەتە، دەکرێ لایەنێکی دیکەی کەم و کورتی لە هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر - سلێمانی - (بەغدا پێشتر)) دابببینین، کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند جار گۆڕانکارییان بەسەر پڕۆگرامەکان داهێناوە و دواتر بەشێوەیەکی بێ بەرنامەیی بەسەر خوێندندا سەپاندویانە بەو بیانووەی ئەو کارەیان هەوڵێکە بۆ ستانداردکردنی زمانی کوردی.

جاری بەر لە هەر شتێك کارکردن لەسەر ستانداردکردن تەنها کاری وەزارەتی پەروەردە نییە، چ جای ئەوەی، کە سێ وەزارەتی پەروەردەمان هەبێت و هەریەکە بە پێی تێگەیشتن و بینینی لێژنەکانیان! بڕیار لەسەر ستاندارد و سەپاندنی بەسەر خوێندن بدەن، بەڵکو ئەمە کاری دەزگایەکی گەورەیە -تەنانەت گەورەتر لە (کۆڕی زانیاریی کوردستان)ی ئێستا- کە پسپۆری سەرجەم بوارەکانی تێدابێت و ئەوان بڕیار لەمبارەوەیەوە بدەن و لەم نێوەندەدا وەزارەتی پەروەردە وەك هەر لایەنێکی دیکەی پەیوەندیدار زیاتر ڕۆڵی جێبەجێکار دەبینێت نەوەك بەرنامەدانەر. بەداخەوە ئەوەی لەمبارەیەوە لەلایەن وەزارەتەکانی پەروەردە! کراون، نەوەك زمانی کوردی لەیەك نزیك نەکردۆتەوە، بەڵکو هۆکارێك بووە بۆسەر لێشێواندنی قوتابی. قوتابی قۆناغێك، کە دەچێتە قۆناغێکی تر بە کتوپڕی بەسەر کۆمەڵێك وشە و ڕستە هەڵدەگات، کە پێشتر ئاشنایی لەگەڵ نەبوون و بەرچاوی نەکەوتوون. لێرەدا تەنانەت ئەگەر بەرنامەیەکی ڕێك و پێك و تۆکمەش هەبێت، ناشێت یەکسەر بەسەر هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بسەپێنرێ، بەڵکو پێویستە سەرەتای گۆڕانکارییەکان و سەپاندنی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە دەست پێبکرێت و دواتر بەرەبەرە بەرنامەکەش لەگەڵ منداڵەکە گەورەبێت، بەو مانایەی ساڵی یەکەم تەنها گۆڕانکارییەکان بەسەر پۆلی یەکەمدا بسەپێنرێ و ساڵی دووەم بەسەر پۆلی دووەم و ...تاد. کە بەداخەوە ئەوەی لە وەزارەتەکانی پەروەردە کراون، وێڕای نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە، لەسەر ئەو بنەمایە نەکراون. بۆیەش لێرەدا هەوڵەکانیان بە ناکامڵی و ناڕێکی و شێواو لە قەڵەم دەدەین.

لە ئەنجامی ئەم خاڵەشدا بەو ڕاستیە دەگەین، کە ئەگەرچی هەوڵەکان لەبارەی ستانداردکردنی زمانی کوردی کەم نەبوونە، لەگەڵ کەمەکەشیدا کارەکان زیاتر شێواوی و ناڕێکیان پێوە دیارە کە پێویستە لە بنجدا پیایاندا بچینەوە.

چۆن زمانێکی ستاندارد بۆ کورد دروست دەبێت؟

لەبارەی دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد، زۆرجار لە میانەی گفتوگۆکردن لەگەڵ پسپۆر و شارەزایان و خوێندەوارانی کورد بە کۆمەڵێك بۆچوون گەیشتووین، دەشێت ئەو بۆچوونانە کۆمەڵێك شتی باشیان وروژاندبێ و لەهەمانکاتیشدا خاڵی نەبن لە کەم و کورتی، ئەو بۆچوونانە لە سێ خاڵدا خەست دەکەینەوە:

1-زمانی کوردی لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی هەیە، بمانەوێ و نەمانەوێ دەرەنجامەکەی دوو دیالێکت(زار)ی دیاری خاوەن نووسین و بەرهەم و خوێندنی لێکەوتۆتەوە ئەوانیش دیالێکتەکانی باکور (زۆربەی کوردستانی باکور و کوردستانی ڕۆژئاوا و پارێزگای دهۆك لە کوردستانی باشوور و ناوچەی شکاك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە) و ناوەڕاست (ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی گەرمیان و موکریان و ئەردەلان دەگرێتەوە)ن. ڕاستە زمانی کوردی بێجگە لەم دوو دیالێکتە کۆمەڵە دیالێکت و شێوە دیالێکتێکی تری هەیە وەکو دیالێکتی گۆرانی ( گۆڕانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازایی..) و دیالێکتی خواروو (لوڕی، لەکی، کەلهوری، بەختیاری..)، بەڵام ئەم دیالێکت و شێوە دیالێکتانە، ئەگەر لە کۆندا ئەدەبیاتێکی نووسراویشیان هەبووبێت، بەردەوام نەبوونە و زمانی قسەکردنی ئێستایان نەبووەتە زمانی نووسین، یان دەبینین ئێستا لە هیچ شوێنێکی کوردستان -بەدەگمەن نەبێت- شێوە قسەکردنی ئەو دوو دیالێکتانە (خوارو و گۆرانی) بە لقەکانیانەوە، نەبوونەتە شێوەیەکی ڕەسمی و زمانی خوێندن. بۆیە ئەوەی ماوەتەوە لەناو زمانی کوردیدا و چوەتە ناو بوارەکانی خوێندن و لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکاردێت و بەرهەم و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ بڵاودەکرێتەوە هەردوو دیالێکتی ناوەڕاست و باکوورن. لێرەدا بۆچوونی یەکەم دەخەمە ڕوو، کە پێی وایە لەبەر ئەو واقیعەی بەسەر کوردا هاتووەو دوو شێوەمان خەریکە هەنگاو بۆ ستاندارد دەهاوێژن، ئاساییە زمانی کوردی دوو ستانداردی هەبێت، واتە لە نێو زمانی کوردیدا دوو

شێوەی یەکگرتوو هەبێت:

أ/ ستانداردی باکور

ب/ ستانداردی ناوەڕاست.

دواجار هەردوو ستانداردەکە بەسەر خوێندن و دەزگا رەسمیەکان بسەپێنرێن و، زمانی کوردیش تەنها زمان نییە خاوەنی دوو ستاندارد، چەندین میللەت هەن زیاتر لە ستانداردێکیان هەیە.

لەوێوە لەو بۆچوونە جیادەبنەوە، کە بنچینەی هەر میللەت و نەتەوەیەك لەسەر زمان بەندە، زمان کۆڵەگەی نەتەوەیە، کاتێك کار لەپێناو دوو ستاندارد بکرێت، ئەوە خۆمانین وادەکەین دواجار بڕیار بدەین، کە هەرچی زووترە ببین بە دوو نەتەوە، چونکە بوونی دوو زمانی ستاندارد داهاتووی لەیەك جیابوونەوەی دیالێکتی باکور و ناوەڕاست نزیکتر دەکات، بەڵام بە بوونی تەنها ستانداردێك ئەو داهاتووە نامێنیٚ یاخود زۆر دووردەکەوێتەوە. ئەم بۆچوونە ئەگەرچی کەسانێکیش لێی دووان، بەڵام دژە بۆچوونیشی هەیە و بەلای کەسانێکی تریشەوە بۆ چوونێکی هەڵەیە و ناشێت بیری لیٚ بکەینەوە.

2- بۆچوونێکی تر پێی وایە، کە سەردەمی ئێستا کاتی باسکردن و کارکردن لە پێناو بەدیهێنانی زمانی ستاندارد نییە و دەکریٚ بۆ داهاتوو بەجیٚ بهێڵدرێت. خاوەنانی ئەم بۆچوونە لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم مەسەلەیە بۆ داهاتوو هەڵبگیرێت، بەڵام لەسەر وردەکاریەکانی تر ڕای جیاواز هەیە. هەندێکیان پێیان وایە، کاتێك کورد کیانێکی سیاسیی تایبەت بەهەر چوار پارچەی کوردستانی نەبێت، ناکرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت زمانێکی یەکگرتوو بێتە ئاراوە، ئەگەر لە کوردستانی باشوریش کیانێکی سیاسی هەبێت ئەی پارچەکانی تر؟ بۆیە ئەوان دەڵێن: کەی کیانێکیٍ سیاسی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دروستبوو، با ئەو کات کار بۆ دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو بکرێت. ڕای تریش هەیە دەڵێت لە بنجدا مەسەلەی دروستبوونی زمانی یەکگرتوو لەو کێشە سەرەکیانە نییە کە لێی دەدوێین، سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی کورد لە داهاتوودا خۆی بڕیار دەدات کام شێوە لە شێوەکان ببێتە ستاندارد، واتە لە داهاتوودا بەپێی بارودۆخی کوردستان دواجار شێوەیەك بەرەو ستانداردبوون دەڕوات. پەیڕەوانی ئەم ڕایە زیاتر بەڵگە بەوە دەهێننەوە، کە کورد هەر لەکۆنەوە چوار دیالێکتی سەرەکی هەبووە و هەریەك لەو دیالێکتانەش کۆمەڵێك شێوە دیالێکت (شێوەزار)ی لێکەوتۆتەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زۆربەی ئەو دیالێکت و شێوە دیالێکتانە نەیانتوانیوە بپەڕنەوە ناو زمانی نووسین، ئەوەی بەشێوەیەکی بەربڵاو پەڕیوەتەوە بۆ ناو نووسین، هەردوو دیالێکتی باکور (کە بنچینەکەی بۆ شێوەی ناوچەی جزیرە و بۆتان دەگەڕێتەوە) و ناوەڕاست (کە بنچینەکەی بۆ شێوەی سلێمانی و شارەزوو دەگەڕێتەوە)ن، کە دیارە هۆکاری ئەم پەڕینەوەیەش هەبوونی دوو قوتابخانەی ئەدەبیی نووسراوە لە باکور لەسەر دەستی جزیری و خانی و عەلی هەریری، لە ناوەڕاستیش نالی و سالم و کوردی. بۆیە هەروەك چۆن لەو هەموو دیالێکت و شێوە دیالێکتانە ئێمە تەنها دوو شێوەمان وەك نووسین بۆ ماونەتەوە، لە هەمانکاتیشدا داهاتوو خۆی بڕیار دەدات لەم دوو شێوە کامیان ببێتە ستاندارد و، زیاتریش ئەم مەسەلەیە دەوەستێتەوە سەر پێشکەوتن لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و..تاد.

3-ڕایەکی تر بە پێچەوانەی هی پێشتر پێی وایە، کە سەردەمی ئێستا دەرفەتێکی باشە بۆ خوڵقاندنی زمانێکی یەکگرتوو، بەپێی ئەم بۆچوونە:

ڕاستە کورد خاوەنی کیانێکی سیاسیی تایبەت بە هەموو کوردستان نییە و ئەو خەونەی کورد تا ئێستا بە ئامانج نەگەیشتووە، بەداخەوە داهاتوویەکی وا نزیکیش (بێجگە لە باشووری کوردستان) پێشبینی ناکرێت. بەڵام ئایا هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نییە بۆ کارکردن لەمبارەیەوە؟ دیارە ڕێگایەك، کە شکی پیٚ ببردریٚ ئەوەیە، کە لێرە لە کوردستانی باشور دەسەڵاتی سیاسیی کوردی دەزگایەکی گەورە دابمەزرێنێت و تایبەت بێت بە کارکردن لە پێناوی بەدیهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی. هەرچی پێویستی ماددی و مەعنەوی هەیە بۆی تەرخان بکرێت و بودجەی تایبەت بەخۆی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆی هەبێت، دەزگاکە کاربکات بۆ دۆزینەوەی هەرچی پسپۆڕ و شارەزا و زمانەوانی کوردی پەیوەست بەو مەسەلەیەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دامەزراندنیان لە سەر بنچینەی توانا و بەهرەیان، نە لەسەر بنچینەی ناویان! هەروەها داوەتکردنیان بۆ کارکردن لەو دەزگایە. دیارە ئەم کارە لە سنوری کۆنفرانسێك و دوان دەرده‌چێت، بەڵکو دەبێت بەردەوام کار بۆ ئەم مەبەستە بکرێت، تا پسپۆران دەگەنە ڕێگە چارەیەك و بەرنامەیەکی ڕێك و پێك و تۆکمە دادەڕێژن، کە ڕەنگە ئەمە بۆخۆی چەند ساڵێکی پێویست بێت. دواتر ئەم بەرنامەیە بەسەر خوێندندا بسەپێنرێت و دیارە شێوازی سەپاندنیش ئەوە نییە، کە بە جارێك دەستکاری پڕۆگرامەکانی هەموو قۆناغەکان بکرێت، بەڵکو ئەم بەرنامە و پڕۆگرامە دەبێت بە شێنەیی لەگەڵ قوتابیی قۆناغی یەکەمی سەرەتایی بەسەربکەوێت، واتە تۆ پێویستیت بە دوانزە ساڵ هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت ئەو بەرنامە نوێیە بەسەر قوتابخانەدا بسەپێنیت و دواتریش بەسەر پەیمانگا و زانکۆکان. پرسیارێك سەر هەڵدەدات، ئەگەر توانرا ئەمە بە نسبەتی کوردستانی باشوور بکرێت ئەی پارچەکانی تر؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەو پێیەی ئەو دەزگایە هەمەلایەنە و دەبێتە خاوەنی ڕاگەیاندن و بودجەی سەربەخۆ، دەشێت لە ڕێگای کەناڵێکی ئاسمانیی فێرکاری یان لە ڕێگای سایتەکانی ئەنتەرنێت هەموو ئەو جموجۆڵە زانستیانە بە پارچەکانی تر بگەیەنرێت، تا ئەو کاتەی ئەوانیش بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێن، دیارە ئەو پڕۆگرامە تۆکمەیەش بە نسبەت ئەوانیش نامۆ نابێت، بەو پێیەی کە پسپۆڕ و شارەزای هەموو پارچەکان کاریان تیایدا کردووە.

ئەم ڕێگایە ئەگەرچی تا ڕادەیەك ئەستەمە و هەوڵ و ماندووبونێکی زۆری دەویٚ، بەڵام شتێکیش نییە نەکرێت و (مستحیل)بێت. بۆیە دەکرێت لە نێوەندی کارو چالاکیەکانی سەرکردایەتی کوردی و نێوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی سەربە دەسەڵات بیروکەیەکی وا دروست بێت و لە ئێستاوە کاری بۆ بکرێت.

- قوتابی دکتۆرا

yadgarbalaky77@yahoo.com



نەبوونی زمانی ستاندارد هەڕەشە لە زمانی کوردی دەکات    کۆوار

# بەیەکداچوونی ئەدەب و دەروونناسی لە تیوری دەروون شیکارییدا

هەڵمەت بایز

ئەدەب بەگشتی وەك دەربڕینێکی قولاییەکانی دەروون، ئەو رەهەندە دەروونییە لە ئامێز دەگرێت و دەبێتە سروشتی بەرهەمە ئەدەبیەکە، کە تێیدا ڕەخنەگر بەرەو بوارە دەرونییەکان راکێش دەکات، لە ئان وساتی هەڵسەنگاندن لە گۆشەنیگایەکی سایکۆلۆژییەوە ئاماژە و هێماکانی نووسەر دەخاتە روو.

مێژووی سەرەتاکانی رەخنەی ئەدەبی بە دیدێکی سایکۆلۆژیانەوە لە نێو رەوتی مێژووی ئەدەبدا خۆی دەبینێت، هەر لە بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئەفلاتون لە بارەی شاعیرانەوە لە کۆمارەکەی و بۆچوونەکانی ئەرستۆش بە سەرەتایەکی گرنگی نێو ئەو رەوتە مێژوییە هەژماردەکرێت، ئەرستۆ چەمکی پاکبوونەوەی بەکارهێنا لە تراژیدیا، کە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی بینەر پاك دەکاتەوە.

لەلای ڕەخنەگرە رۆمانتیکیەکانیشەوە لەوانە (وۆردز وۆرس) لە پەیوەندی نێوان شاعیر و بەرهەم جیاوازی باری مێشکی شاعیران و پەیوەندی نێوانیان زیاتر خۆی لە وەسفێکی دەروونییانە دەبینییەوە، لە خستنە رووی بۆچوونەکانیان. لەگەڵ بەرفراوانبوونی بازنەی فەلسەفەکانی مەعریفەدا گەشە و دەرکەوتنی سایکۆلۆژیا وەك زانستێکی سەربەخۆ لەو نێوەندەدا (ئەدەب بە بەردەوامی مایەی سەرنج راکێشانی سایکۆلۆژیا بوون زیاتر لە هەموو هونەرەکانی دیکە، لەوانەیە ئەمە ڕێگایەکی تری سایکۆلۆژیا بێت کە گەشتێکی جادووبازی رۆمانتیکییە بۆ دەروون)[1].

کەسایەتی نووسەر لە رەخنەی دەروونی دەبێتە لایەنێکی گرنگی پێکهاتەی دەقی ئەدەبی، (سانت بیف) پێشەنگی ئەو رەخنەگرانەیە لە شیکردنەوەی دەق پشت بە کەسایەتی نووسەر و بەڵگەنامەکانی دەبەستێت.( پرۆسەی داهێنان و شیکردنەوەی کەسایەتی داهێنەر لە هەموو بوارێك زیاتر سایکۆلۆژیستەکانی راکێشی لێکۆڵینەوە کردوە)[2]. لەگەڵ دەرکەوتنی بۆچوونە تیۆریەکانی فرۆید گەشە و گۆڕان و تازەگەرییێکی دیکە لە دەقە دەروونیەکان روویدا. فرۆید بەیەکەم کەس دادەنرێت کە شیکردنەوەیەکی دەروونی بۆ کارە ئەدەبییەکان کرد لەوانە، (ئۆدیب پاشا)ی سۆفۆکلیس، (هاملێت)ی شکسبیر، (برایانی کارامازۆف)ی دیستۆفیسکی.

فرۆید لەمیانەی لێکۆڵینەوەکانیدا توانی هەندێك لە چەمك و تیوری تازە بخاتە ڕوو کە پێشتر باس نەکراوە، یان سیما بنەڕەتیەکانیان بە تەواوی دەرنەخراوە، ئەو چەمکانەش (نەست و گرێی ئۆدیب و چەپاندن (چەپاندنی سێکسی) و نەخۆشە دەمارگیریەکان... هتد)، فرۆید لە تێبینیە کلینیکییەکانی خۆی و هاوشانی ئەویش ئەدەبیات سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو بۆچوون و تیورانەی فرۆیدن، کە فرۆیدی کردە شابڵی زانستی دەروونی و دەروون شیکاری بەتایبەتی. ئیرەچ پوور باقر لە سەرەتای وەرگێرانی کتێبی (تەوتەم و تابۆ)دا دەڵێ " فرۆید گەورەترین ئیلهامەکانی خۆی لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەی ئۆدیب پاشا وەرگرتوە"[3]. فرۆید شارەزاییەکی باشی بەرهەمە ئەدەبیەکان بووە، سودێکی گەورەی بە هەردوو زانستی دەروونناسی و ئەدەب بەخشی (وێناکردنی و دەرکەوتنی گرێی ئۆدیب لە دەقێکی ئەدەبیدا، زۆر جار لە خزمەتی راڤەی گرێی ئۆدیب وەکو بابەتێکی سایکۆلۆژی دابوو، هەروەها پێچەوانەکەشی هەر راستە)[4] شایەنی باسە فرۆید خەڵاتی (گۆتە)ی ئەدەبیشی وەرگرتووە، زۆرجار تێڕوانینەکانی نووسەری رۆمانێك بۆتە سەرسامبوونی فرۆید لە باسکردنی هەندێ حاڵەتی دەروونی، کە فرۆید دوای ئەوانەوە گەیشتۆتە ئەو راستیە، هەر ئەمەش وای لە فرۆید کردووە لە زۆر لە بڵاوکراوە و کۆڕ و کۆبوونەکاندا دان بەو راستیە بنێت (خستنە رووی ژیانی دەروونی مرۆڤ گۆڕەپانێکی تایبەتە بۆ رۆماننووس، هەمیشە رۆماننووس پێش زانا کەوتووە، هەروەك بە شێوەیەکی تایبەتیش پێش زانای دەروونناسیش کەوتووە)[5]



فرۆید.. پیرترین دەروونناسی سەدەی بیستەم کۆوار

بۆچوونە تیۆریەکانی فرۆید لەمەڕ داهێنان و کاری ئەدەبی لە چەپاندن و حەز و مەیلە سەرکوتکراوەکانی سەردەمی منداڵی و ململانێی و نەخۆشییە دەروونییەکان بەشێکی گرنگی ئەو تێڕوانینەی فرۆیدن، هاوکاتی ئەو بۆچوونانەی فرۆید کۆمەڵێ لە یاوەرانی خۆی سوودیان لە فرۆید وەرگرتوە، دواتر بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبووە لەمەڕ داهێنان و لێکدانەوەی کاری ئەدەبیی، (یۆنگ) یەکێك بووە لەوانەی لەو باوەڕەدایە کە هەموو ئەو چەپاندن و متکراوانە پەیوەست





نییە بە خودی کەسێکەوە، بەڵکو (کۆنائاگا) یان (نەستی کۆمەکی) سەرچاوەی پرۆسەی داهێنانن، سەرچاوەی (نەستی کۆمەکی)یش ئەو ئەفسانە و بیروڕایانەی باب و باپیرانە، کە بۆمان بەجیٚ ماون، هەروەها (ئەدلەر)یش لە تیوری (هەستکردن بە کەمی) بەسەرچاوەی داهێنان دەزانێت، کەوا هەموو تاکێك توانای خۆدەربازکردنی هەیە لەو هێزە دەروونیانە.

ئەم بۆچوونانە تەکانێکی گەورە و سەرەتایەکی گرنگبوون بۆ لەدایکبوونی رەخنەی دەروونی (فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر و برچلر و جۆنز .... هتد)، بایەخ بە شیکاری دەروونی ئەدیب دەدەن کاری ئەدەبی و هونەری وادادەنێت، کە دەربرینێکی راستەوخۆی کەسایەتی نووسەرە. بۆچوونە تیوریەکانی فرۆید و راڤەی چەمکەکانی خۆی و ژانرە ئەدەبییەکان و رەخنەی ئەدەبی (ئارەزوو بە روونی دەرکەوت بۆ کەڵك وەرگرتن لە فرۆید لە نووسینی چیرۆك و کورتە چیرۆك کەڵك وەرگرتنێکی راستەوخۆ لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا چیرۆك بوو بە راپۆرتێکی دەروونی زیاتر نەك کارێکی ئەدەبی، دەگەینە ئەوەی کە بڵێین ئەدەب و زانستی دەروونناسی دوو رێگای تەریبن بۆ گەیشتن بە راستیەکان)[6] ئەو باردۆخ و رەوشە نالەبارەی جەنگی یەکەمی جیهانی رێگای خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی هەندیٚ رێبازی ئەدەبی کە دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە بوون، لە ژێر کارتێکردنی بۆچوونەکانی فرۆیدا بوون، ئەو رێبازە ئەدەبیانەش (داداییزم) و دوای ئەویش رێبازی سوریالیزم بوو، لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فرۆیدابوون بە تایبەتی لە خۆخستنە جیهانی بیٚ ئاگایی و دەربڕینی ئازار و حەزە شاراوەکانی ناخی یان (سورریالیزم دەیویست خەون و غەریزەکان و ناهۆشیاری ئارەزووە چەپاوەکان بسەپێنێتە سەر لۆژیك و عەقڵ و رێکوپێکیەکان ئەمەش لە رێگای کارکردنی ریالیستیانەی بیر وەکو خۆی کە هەیە، واتە تەقاندنەوەی هەستی ناهۆشیاری مرۆڤ)[7] رەهەندی دەروونی لەنێو رەوتی سەرەتاکانی رەخنەیی دەروونی و کاریگەرییەکانی نێو بەرهەمە ئەدەبی و ئینگلیزی و ئەمریکی کەوتە ژێر کاریگەری شیکردنەوەی دەروونی بەڵام لە فەرەنسا لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان بە تەنگ بۆچوونە دەروون شیکارەکانەوە چوو، کەوتە ژێرکاریگەری ئەو تیورانە ئەگەرچی رەخنەییەکانی وەك (شارڵ بۆدوان) و (ماری پۆنابرت) هەولێکی رەخنەی دەروونی بوون لە فەرەنسا، بەڵام زیاتر لە قووڵایی نەخۆشییە دەروونییەکان رۆدەچوون، بۆچوونەکانیان زیاتر لایەنی پزیشکی بوو، تا دواتر لە ساڵی (1948) بۆ یەکەمجار (شارڵ مۆرۆن) زاراوەی رەخنەی دەروونی بەکارهێنا، بە پشت بەستن بە تیورەکانی شیکردنەوەی دەروونی (رەخنەی دەروون شیکاری دەتوانیٚ شان بە شانی هەرچەشنە رەوشێکی رەخنەگرانەی راڤەی دیکە لە مەیدان دابنیٚ، لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەم روانگەیە هەوڵدەدات چۆنییێتی و بۆ چییێتی کردەوەی مرۆڤ شیبکاتەوە بیٚ ئەوەی پەرە بە تیورییەکی جوانیناسی بدا)[8] . لە نێو پانتای ئەدەبیاتی کوردی بە هەموو ژانرەکانیەوە بە تایبەتی چیرۆك و رۆمان بەرهەمی باشمان هەیە، بە هۆیەوە بتوانین لە ژێر رۆشنایی دەروون شیکاریدا بەرهەمەکانیان بخرێنە روو، بەشێك لەو چیرۆك نووسە کوردانەی کە لایەنێکی دەروونی قووڵیان هەیە ئەوانیش (شێرزاد حەسەن، سەلاح عومەر، ئەحلام مەنسور، حوسێن عارف ... هتد) ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە رەهەندێکی قووڵ و زەقیان تیابەدی دەکرێت، وێرای دەربڕینی هەستە شاراوەکانی ناخیان جۆرە ئاگابوونێکی رۆشنبیری و تیورەکانی دەروونناسی لە نێو چیرۆکەکانیان بەدی دەکرێت، کە سوود لەو تیورە دەرون شیکارانەیان وەرگرتبێت و لە ئەدەبیاتی کوردیدا تێکەڵی ئەزموون و حەز و خولیاکانی خۆیان کردبێت، زۆر جاریش لە چاوپێکەوتنەکانیش ئەو راستیانە دەخەنە روو، شێرزاد حەسەن دەڵیٚ(سوپاس بۆ ئارەزووە خەفەکراوەکان)[9] ، (من جۆرە چیرۆکێك دەنووسم پێی دەڵێن چیرۆکی سایکۆلۆژی زۆریش ئیش لەسەر شتە شاراوەکانی دەروون دەکەم)[10].

سەرچاوەکان::..

1–الادب و قضايا العصر (مجموعة مقالات النقدية)، ترجمة عادل العامل، مطبعة الوطنية (الاردن)، ص 46

2–داهێنان لە روانگەی چەند تیۆرێکەوە، ئامادەکردنی رۆشنا ئەحمەد، سلێمانی، 2001، لا 53.

3–(تەوتەم و تابۆ)، زیگمۆن فرۆید، وەرگێرانی رەزا مەنوچهری لە فارسیەوە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی رێنما، 2005، لا 9.

4–گرێی ئۆدیب و گەمەی کوشتنی باوك لە ئەندێشە و بیری نوسەردا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 5، سەمەد ئەحمەد، 1999، لا 19.

5–فرۆید و ئەدەب و ئۆدیب، نووسینی د. رالف رزق الله، وەرگێرانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە کتێبی کۆمەڵیٚ وتار، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، 2001، لا 152.

6–فی النقد الادبی الحديث (امجد محمد الباكير البراری) الطبعة الاولی، مكتبة الرسالة الحديثة، الاردن، 1986، ص 41.

7–رێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن و وەرگێرانی لە فەرەنسیەوە د.فرهاد پیربالٚ، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004، لا 227.

8–رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی (پێشەکیەك بۆ تیوری)، چارلز برێسلێر، وەرگێرانی لە ئینگلیزی، عەبدولخالق یەعقوبی، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2002، لا 161.

9–رامان، ژمارە 8، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن، لا 55

10–هەمان سەرچاوە، لا58.

# تەكنولۆژیا و بەختـــەوەری

د. ڕێدار محەمەد ئەمین*

مرۆڤ هەر لە كۆنەوە هەوڵی فەراهەم كردنی ئەو شێوازانەی داوە، كە دەبنە مایەی خۆشبەختی، هەموو هەوڵێكیشی بۆ ئەوە بووە بگاتە دڵنیایەكی ڕەها. لە ترسی ئەوەی خۆشبەختی لە كیس نەچێت دارو بەردی پەرستوە، ئاژەڵ و سروشتی پەرستوە، بەڵام لە ترسی ئەوەی كەسانی تر بەشداری ئەم خۆشبەختیەی نەكەن، بە درێژایی مێژوو چەندین شەڕی گەورەی ناوەتەوە! تەكنولۆژیا یەكێك بووە لەم شێوازانەی كە مرۆڤ پێی گەیشتۆتە خۆشبەختی، بەجۆرێك پێی وابووە ئێرە كۆتایی هەموو نەهامەتیەكان و بەهەشتێكی خۆشی بەردەوامە، بەڵام پاش ماوەیەك بۆی دەركەوتووە، كە ئەمەش وەك شێوازەكانی تر، تەنها چێژێكی كاتیە[1] و گەڕانەوەی خەم ونەهامەتی بەدواوەیە و وەك بازنەیەكی خولاو بە دوای یەك دێن.. مرۆڤی ئەمڕۆ لە ئاستێكی بەرزی تەكنولۆژیایە ئەگەر لە لووتكەكەی نەبێت، ئەوەندەی تەكنولۆژیا پشووی ماسولكەیی بە مرۆڤ بەخشیوە، لە هیچ زەمانێك نەپادشا و میر و ئیمپڕاتۆرەكان، نە كەسێك كە هەزاران كۆیلەی ژێر دەست بێت، ئەوەندە پشووی نەداوەتە ماسوولكەكانی. ئەو پێی وابوو پشووی مێشك لە پشووی ماسوولكەكانە، بەڵام هەست دەكات مێشك لە جاران ماندوو ترە، خەمبارترە، بێ تواناترە.. ئەو تەكنولۆژیایەی، كە جاران پێی وابوو، سەرچاوەی خۆشبەختیە ئەمڕۆكە بۆتە مایەی هەموو ناڕەحەتیەك.

لەپانتایی ژیاندا تا ئێستا مەترسیەكی جیدی تر لە مەترسی ماشێن (تەكنولۆژیا) ڕوو بەڕووی مرۆڤ نەبۆتەوە. مەترسیەك كە لەلایەك بە دەستكەوتە ماددیەكانەوە ئاسایشێك دەستەبەر دەكات، غەریزە ئاژەڵیەكانی ئێمە دادەمركێنێت و تێری دەكات (دەرەنجام پرۆسەی گۆڕینی ماشێن وەك شتێكی چێژ بەخش نیشان دەدات). لەلایەكی ترەوە، ئێمە بە شێوەیەكی نائاگایی(نەستی) دەبینە بڕغویەك لە ماشێنێكی گەورە، كە لە سایەی سەری ئەوەوە دەبینە مرۆڤێكی پاسیڤ و ناچالاك و خولقێنراوی مرۆڤایەتی خۆمان لە دەست دەدەین و تواناكاری و كارامەیی خۆمان لە ناو دەبەین، ماشێن هێرش دەكا تە سەر هۆكارە هۆمانیستەكانی كۆمەڵگاو بەهاكانی مرۆڤایەتی كەم دەكاتەوە، مرۆڤ دەخاتە خزمەتی ماشێن.[2]

> كۆمەڵگای ماشینی روژئاوایی لەسەر بنەمای
> (لێنەگەڕانی هەرشتێك تێك بچێت و
> لەكاربكەوێت) دامەزراوە"، ئەركی ئێمەیە
> داوا لەو كۆمەڵگایانە بكەین، كە لە رووی
> مەدەنیەت لە ئێمە نزمترن، بە شێوەیەكی
> دڕندانەو وەحشیگەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو
> شتانە نەكەن كە پێیان دەدرێت .
> ئەركی ئێمە بلاْوكردنەوەی كۆیلایەتی و
> مەدەنیەتە لە هەموو جیهاندا! ئەمە ئەركی
> ئێمەیە و زۆریش شانازی پێوەدەكەین.
> كۆنستانتان جیۆرجۆ
> لە رۆمانی كاتژمێری بیستو پێنجەم

ئەمڕۆكە مرۆڤایەتی هەمووی بەدەست بەندایەتی تەكنولۆژیاوە دەناڵێنێت، ئەو ڕەنگە هەموو شێوازەكانی ژیانی هەبێت، لە خانوو، ئۆتۆمبیل و ئامێرە تەكنولۆژیایەكانی وەك مۆبایل و سەتەلایت و.....هتد، بەڵام هێشتا دیلی دەستەبەر كردنی داهێنانی نوێترە، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە بەرهەمهێنان وخەرجكردن هیچ ئارەزوویەكی تری نیە (كە ئەمەش خاسیەتی خودی ماشینە). كە پرسیاری لێ دەكەیت تۆخۆشبەختی دەڵێت: بەڵێ، بەلاْ م بە هەر پێوەرێكی خەمۆكی كاتێك دەیخەیتە ژێر پشكنین لە هەموو كەس دڵتەنگترە!.

زۆركەس پێی وایە كۆمەڵگای دەوڵەمەند بە ماشێن (كەوا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان كۆمەڵگەی ئێمەش دەگرێتەوە)، كۆمەڵگەیەكی خۆشبەختە، بەڵام. ئەمە وانیە، بەڵكو پەیوەندی نێوان كامەرانی و تەكنولۆژیا پەیوندییەكی پێچەوانەیە، هەڵەیە ئەگەر وا تێ بگەین خۆشگوزەرانی و فەراهەم بوونی هۆكارەكانی ژیان یەكسانە بە كامەرانی، بەڵگەش بۆ ئەمە هەبوونی زۆرترین حاڵەتی خۆ كوشتن و خەمۆكی وگرێ دەروونیەكانە لەو كۆمەڵگایانەی لە ئاستێكی بەرزی خۆشگوزەرانین.

كۆمەڵگای سادە، كۆمەڵگایەكی دوورە لە گرێ دەروونیەكان، چونكە جارێ نەبۆتە كۆیلەی تەكنولۆژیا. بەشی دەوڵەمەندی كۆمەڵگا، كە چێژی تەواوی ماددی چەشتووە، بۆی دەركەوتووە كە بە هەشتی بەكارهێنان(خەرجكردن)، ئەو خۆشحاڵیە بەڵێندراوەی پێشكەش نەكردووە، (هەڵبەتە هەژارەكان هێشتا دەرفەتی ئەم بە هەشتەیان بۆ نەڕەخساوە)، جگە لەوەی بە چاوی خۆیان بینیویانە كە چۆن ئەوانەی (هەموو شتێكیان هەیە )



كاتێك دونیا تێكەڵ بە تەوژمی تەكنەلۆژیا دەبێت    كۆوار

له خۆشحاڵی بێبەشن.[3]

زۆر جاران لـه گەرمـەی ئـالۆزی و جـەنجاڵی ئـەم ژیانـه، خـەون بـه ڕابردوو دەبینین، حەز دەکەین لـه گونـدێکی بچووکی بناری چیا، لـه مـاڵێکی سـادەی بـێ تـەکنۆلۆژیا، بـه کەرەسـته سـادەکانی ژیـان بگـوزەرێنین. بـەیانیان لـه گـەڵ نەغمـەی بولبـول و دەنگـی سـازگاری رووبار و نەسیمی چیا خەبەرمان بێتـەوە، نیوەڕۆیـان بـه خـواردنی نان و تەماتەیەك و دانیشتن لەگەڵ دوو جووتیاری هاوڕێمان و چەند سوحبەتێك ماندوو بوونمـان بشۆینەوە، ئێـوارانیش لەگـەڵ دیمـەنی مەسـتانەی خـۆر ئـاوابوون و تـابلۆی رازاوەی باڵنـدەکانی ئاسمـان و بانگی زولاڵی ئێوارەی مەلای گوند ئەم ڕۆژه بێ خەم بەڕێ بکەین.

ئەم حەزەی مرۆڤ بۆ نۆستالجیا[4] دەرەنجامی بەندایەتی ئێستایەتی، بەندایەتیـەك کـه تـەواوی ژیـانی ئێـستاو داهـاتووی داگیرکـردووه، هەموو ئارەزوو و هیوایەکی لـه مـرۆڤ سەندۆتەوه، تـەنها ئـەوه نـەبێت کـه بەرهەمهێنـەر و بەکارهێنـەر بێـت و چیتر نـا! ئـەو کاتـەی مـرۆڤ هێـشتا خـاوەن بڕیـاری خـۆی بـوو، هێـشتا ژیـان چێـژی مـابوو، پەیوەندییـه کۆمەڵایەتیـەکان لـه ئاسـتێك دا بـوون، کـه سـەردانی ڕۆژانەو گەشتی هەفتانەو چەندین چالاکی تری کۆمەڵایەتی ژیانیان دەڕازاندەوه. ئێستاکه تـەکنۆلۆژیا ئەو هـەموو خزم و دۆستانەی لـێ سـەندینەوه، ئـەو پێمـان دەڵێـت کـات زۆر کەمـه ئـەی مـرۆڤ هـەوڵی بەرهـەمهێنان و خـەرجکردن بـده! لـه نائاگاییـەوه بڕیـار و هیـوا و دڵنیـایی لـێ سـەندوین و لـه کۆیلایـەتی و جـەنجاڵی ژیـان و تەسککردنەوەی کات هیچی تری پـێ نەبەخشیوین، ئێمـه زۆر جار نازانین بۆ دڵتەنگین بۆیه دان به هەبوونی دڵتەنگی دانانێین، تەنانـەت بـۆ مرۆڤێکـی دەوڵەمەنـد کـه هـەموو پێداویـستیەکی ژیـان فەراهـەم بـووه، لـه ئاگاییـەوه زۆر دڵخۆشـه، بـەڵام لـه نائاگاییـەوه مرۆڤێکـی وێرانـه، نائاگـایی ئـەو لـه کۆیلایـەتی بـۆ تـەکنۆلۆژیا هـەموو توانـستەکانی لـێ سـەندۆتەوه، چـاوەڕێمان دەکـرد تـەکنۆلۆژیا شـادیمان پـێ ببەخـشێت ئەمڕۆکـه بۆتـه مۆتەکـه بەسـەرمانەوه. هەمیـشه ئـەو پرسـیاره دەکـەین، ئێمـه بـۆ چێـژ لـه داهینانـەکان وەرنـاگرین، ئایا پەیوەنـدی بـەو هـەموو جەنجاڵیـەی ڕۆحـی ئێمـەوه هەیـه، کـه تـا ئـەم چـرکه سـاتەش نـازانین چ مردنێـك لـەو دیـو پەنجـەرەکانی ژیـان خـۆی مـەلاس داوه، ئێمـه نـازانین بـژین لـه بـەر ئەوەیـه لـه گەمـەکانی مـردن دەترسـین[5]، ئێمـه ئەوەنـدەی لـه لـه دەستدانی شتەکان دەترسین ئەوەنده ناتوانین چێژیان لێ وەربگرین، بـۆ دڵنیـا بـوون و ڕەوانـەوەی ترسـی مـردن خۆمـان بەخـشیوه بـه تەکنۆلۆژیا ئەویش ژیانی لێ سەندینەوه!

ڕەنگه مرۆڤی دوو هەزار ساڵ بەر له ئێستا، له مرۆڤی ئێستا زیاتر شـارەزای نـاخی خـۆی بووبێـت، ئەمڕۆکـه مـرۆڤ شارەزای هـەموو شتێکه جگه له ناخی خۆی، له بوارەکانی فیزیاو بایلۆجی و لقەکانی تری زانستی هەنگاوی باشی ناوه، کەچی تا ئێستا نازانێت چی له ناخیدا هەیه، مرۆڤی سەردەم تووشی جۆرێك له نامۆ بوون بووه، نامۆیەکی کوشنده به بەها و ڕەوشت و گوزەرانی مرۆڤ. دار لینکتۆن دەڵێت (هەر سەر چاوەیەکی نوێ که هێزی مرۆڤ له سەر زەوی زیاد دەکات، هـەلی سوود وەرگرتنـی نـەوەکانی داهـاتوو کـەم دەکاتـەوه، چونکه هەر پێشکەوتنێکی مرۆڤ له سەر حیسابی تێکدانی ژینگەیه و ئـەم تێکدانـەش کـەس چاوەڕێی نـەدەکرد و بـه کەسـیش چـاك ناکرێتـەوه)[6].بەختـەوەرترین مـرۆڤ ئەوکەسـەیە دوور لـەم ئاژاوەیـەی تەکنۆلۆژیا بژیت، بەمەش خودی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێتەوه.

### خۆمان چەند بەر پرسیارین لەم خەمۆکیه؟

نابێـت هـەموو گلەییـەکان ئاراسـتەی تـەکنۆلۆژیا بکـەین، کـه زادەی بـیری خۆمانـەو تۆمـەتی لـەناو بردنـی مرۆڤایـەتی بخەینـه پـاڵ لـه کاتێکدا خولقێنراوی ئێمەیه، ئێمه خۆمان تـەکنۆلۆژیامان داهێناو خۆشمـان گوێڕایـەڵی دەکـەین، هـەر وەك ئـەو بتـەی قوڕەیـشیەکان




سەدەی بیست و یەك، سەدەی به کۆیله بوونی تەکنەلۆژیا. کۆوار

خۆیـان دروسـتیان دەکـرد و دەیانپەرسـت، ئەمـەش لـه پـەرەگرافی دوایـی باسـی دەکـەم، بـەڵام بـەر لـەوه زۆر کـەس دەپرسـێت ئەگـەر ئێمـه لـه نائاگاییـەوه کۆیلـەی تـەکنۆلۆژیا بـین و لـه ئاگاییـەوه بـه ڕواڵـەت بەختـەوەر بـین، ئـەی هۆکـاری ئـەم خەمۆکیـه چـیه؟ بـه واتایەکی تر ئەم هەموو چرچ و لۆچه چیه به بەردەوامی له نێو چاوانی هەر یەکەمان هەیه و زۆر گێلانه دەمانەوێ بیانشارینەوه؟ ئەمەش هەر له بێئاگایی و کەم زانایی خۆمانه، کاتێك دەمانەوێ شـتێك بـه تـەکنۆلۆژیا ببەخـشین، کـه پێمانوایـه ئـەو زیاترمـان پێدەداتـەوه، بـەڵام لـه ڕاسـتیدا زیاترمـان لـێ دەسـێنێتەوه. بـه نموونەیـەك ڕوونـی بکەمـەوه ئێمـه ئـامێری ژمێریـاری (حاسـبه) و ئـامێری مۆبایـل(کـه سیستەمی زەنگـی ئاگـادار کردنـەوەی تێدایـه) داهێنا، پێمان وایـه ئـامێری ژمێریاری کاتمان بۆدەگەڕێنێتـەوه و کرداره ژمێرياریيەکان خێراتر ئەنجام دەدات، پێمان وایه مۆبایل له کاتی گونجاو ئاگادارمان دەکاتەوه گەر مەوعیدێکمان هەبێت، بـەڵام ئەمانـه هـەمووی لـه سـەر حیسابی توانـستی مێـشکه، کەخـشتەی لێکدانمان له بیر دەباتـەوه، لەسـەر حیسابی توانستی مێشکه، که بۆشاییەك له هۆش دروست دەکات شوێنی ئەم زەنگەیە، بەم پێیـه له هەر بوارێکی ژیان توانایەکی عەقڵمان داوه به ئامێرێك و ئەو لـه جیاتی هۆشـی ئێمـه کارەکانمـان بـۆ دەکـات! توانـای عـەقڵی مـرۆڤ ئەوەنـده لاواز دەبێـت، کـه تووشـی لـه بیر چونەوه دەبێت. ئەمـەش دەردێکه مرۆڤی سەردەمی تەکنۆلۆژیا پێیەوه دەناڵێنێت و یەکێکـه لـه هۆیـەکانی خـەمۆکی، هۆیـەکی تـر گـۆڕانی مەبەسـت و ئامانجەکانـه، فەرامۆشـکردنی ڕۆحیـەتی مـرۆڤ و توانـەوەی لـەناو تـەکنۆلۆژیادا واتـه گـۆڕینی بـۆ ڕۆبۆتێك کـه هـیچ شتێك ئارەزووی تێـر ناکـات و حەسـانەوەو پـشوودانیش نازانێـت، ئەمانـەش هۆکارێکن بۆ خەمۆکی.

### چۆن مرۆڤ بۆته بەنده؟ دڵنیا بوون بۆ هەبوونی خوایەك!

مـرۆڤ پێویـستیەکی زۆری بـه دڵنیـایی هەیـه، دەیـەوێت دڵنیـا بێـت سەبارەت بە و شێوازانەی که لەسـەر بنـەمای ئەوانـه بڕیـار دەدات دوو دڵی نەبێت.

لـه ڕاسـتیدا مـرۆڤ پێـی خۆشـه بڕیـارێکی( هەڵـه ) بـدات، بـەڵام لـه بڕیارەکەی دڵنیا بێت، تا ئەوەی بڕیارێکی (ڕاست) بدات، بەڵام به گومانێك که لەسەر ڕاستی و ناڕاستی بڕیارەکەی هەیه، به درێژایی مێژوو چەمکی خوا هۆکاری دڵنیایی بوو، خوا لـه هـەموو شوێنێك ئامادەو هەمیشه توانا بوو، تـەنها خولقێنـەری جیهـان بـوو، بەڵکو



جیهانی تەکنەلۆژیا.. پەساپۆرتی بێ فیزە          کۆوار

بنەمای کارەکانی مرۆڤیشی، کە جێگەی دوو دڵــی نــە بووڕاگەیانــدبوو. لەگــەڵ دەست پێکردن و گەشە کردنی زانست و لەناو چوونی دڵنیایی ئایین، مرۆڤ بۆ بە دەست هێنانی دڵنیایی ناچار بوو، لێگەڕانێکی نوێ دەست پێبکات[7]. مرۆڤ تەواوی باوەڕی خۆی و دڵنیابوونی لە داهێنانی تەکنۆلۆژیا دا دۆزیەوە. ئەریك فـڕۆم لــە کتێبــی شۆڕشــی ئومێــددا بەرنامەرێـژی کۆمپانیایـەکی گـەورە بـە نموونـە دەهێنێتـەوە، کـە دەتوانێـت بـۆ چەندین ساڵ کاری بەرنامە ڕێژی بکات، لێـــرەدا خـــاوەن کۆمپیانیـــا (مـــرۆڤ) بڕوایـــەکی ڕەهـــای بـــەو کۆمپیوتـــەرە هەیـە(ماشـێن) کـە بەرنامـەی چـەندین سـاڵی تـری بـۆ دا بنێـت، بـەبێ ئـەوەی هەڵە بکات، چونکە کۆمپیوتەر ئامێرێکە لــە عــەقڵی مــرۆڤ خێراترە،جگــە لــەوە هەموو زانیارییەکان بە یەکسانی دەدات و دادوەرانـە و بـێ بەرژەوەنـدی تایبـەتی یـان تـەماعگیری هەڵـسوکەوت دەکـات.

ئەمانـەش چـەند خاسـیەتێك بـوون کـەمرۆڤی پێـشتر لـە خـوا بـەدیان دەکرد!

بـەم جـۆرە مـرۆڤ تـەمی دڵـەڕاوکێی دەڕەوێتـەوە و دڵنیـا و پـشت قـایم دەبێـت، بـەڵاّم ئـەم بڕوا و متمانـە ڕەهایـە ڕێ لـە ڕوودانـی کارەسـات ناگرێت؟ ئەم کارەساتەش پاساوی خۆی هەیە، کاتێك لە سەر بنـە مـای ڕاسـتیە حاشـا هەڵنـەگرەکان ئـەنجام دراوە، ئـەم کارەسـاتانە جێگـای سـەر زەنـشتی مـرۆڤ نـین، چـونکە لـە دوای باشـترین بڕیـار ڕوویانداوە!

بـەمجۆرە مـرۆڤ نـەك هـەر ستایـشی کـارە جوانـەکانی تـەکنۆلۆژیا دەکـــات، بـــەڵکو وەك جێگرەوەیـــەکی خـــودا قبـــوڵی هـــەموو کارەساتەکانیشی دەکات.

ڕێگای دەربازبوون



دونیا لە چاوی تەکنەلۆژیادا          کۆوار

مەترسـی تـەکنۆلۆژیا وەك دێوەزمەیـەکی کاولکـار لەلایـەن زیـاتر لـە بیرمەندێك هەستی پێکراوە، دانانی ڕێگە چارەکان ئەوەندە ئاسان نیە، چونکە بەشداری ڕێژەیەکی زۆری ئەو کۆمەڵگایەی دەوێت، کە خۆی هێـشتا لـە بەندایـەتی تـەکنۆلۆژیا ڕزگـاری نـەبووە، بـەڵکو بـەو پـەڕی ڕێــزەوە کۆیلایــەتی قبوڵــە، بۆیــە لــەناو بــردن و تێکــدانی هــەموو ماشێنەکان مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی هەمان کارەسات دەکاتەوە، جا چ لە ڕێی شۆڕشی خوێناوی یان هەر شۆڕشێکی باوەڕی بێت. ئـەریك فـڕوم پێـی وایـە بـە سۆسیالیـستکردنی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان و بـە هیومانیـستکردنی تـەکنۆلۆژیا، ڕێگـە چارەیەکن بـۆ دەربـاز بـوون لـەم قەیرانەی تەکنۆلۆژیا. ڕێزگرتن لە ماشێن وەك خۆی کە هەیە نەك وەك ئەوەی ڕێنماییمان بکات و جێگرەوەی هەموو بەها و لایەنە ڕۆحیەکان بێت. ئەریك فڕۆم پێی وایە کە ئێمـە لـە ناوەنـدی قـەیرانی مرۆڤی ئـەم چـەرخە دایـن، دەرفـەتێکی زۆرمـان لەبـەردەم نـەماوە، ئەگـەر ئـەمڕۆ جموجۆڵی خۆمان نەکـەین، سبەینێ درەنـگ دەبێـت، بـەڵام ئومێدێکی زۆر هەیە، چونکە دەرفەتێکی ڕاستەقینەمان لـە بەردەمدایـە و ئـەویش ئەوەیە کـە مـرۆڤ دەتوانێت ڕاستی و ڕەسـەنایەتی خـۆی بـسەلمێنێت، لەم ڕێگایەوە کۆمەڵگەی پیشەیی هەنووکە هیومانیستی بکات.

×قوتابی بۆرد/دەروونی

1– لە پێناسەی چێژدا واتەخۆشیەکی کاتی، کە پاش ماوەیەك نامێنێت، دەکرێت مرۆڤ لە لووتکەی ئازاردا چێژ وەربگرێت، هەروەك لە کاتی خۆشی چێژ وەردەگرێت.
2– شۆڕشی ئومێد، ئەریك فڕۆم ، و/هەژار جوانڕۆیی ل 5–6
3– هەمان سەرچاوە ل 17
4– واتە ئارەزوومەندی گەڕانەوە بۆ رابردوو.
5– کوردسـتانی نـوێ ژ .3848 چوارشـەممە 2005/12/14، ئـاوات محەمـەد (بابەتی :ئایا شتێك ماوە بوترێت)
6– تکنولوجیا السلوك الانسانی ب .ف.سکینر ترجمە/د.عبدالقادر یوسف
7– شۆڕشی ئومێد، ل87

# ( تـــاریخ امیـــران ســـــــوران )

## سەرنج و تێبینی



**فوئاد رەوەند**

وتەیەکی فارسی هەیە دەڵێت فارسی شەکەرە، تورکی هونەرە و ئەوانی تر هیچ، وەك دیارە ئەم بیرۆکەیە لە سەردەمی قاجارەکان بە میرات بۆ ئێرانیەکان ماوەتەوە. هەرچەندە عەرەبی زمانی ئایینی زۆربەی ئێرانییەکانە، عەرەبەکان دراوسێی ئێرانن و خاوەنی چەندین دەوڵەتن، بەلام ژمارەی بەرهەمە عەرەبییەکان، کە کراونەتە فارسی، ناگاتە چەند سەد پەرتووکێك، رێژەی زیاتری کتێبە وەرگێڕدراوەکانیش بەر ئایین دەکەوێ. ئەگەر ئەوە حاڵی زمانی عەرەبی بێت، دەبێ فارس بە چ چاوێك بڕوانێتە زمانی کوردی؟.

یەکەمین هەوڵ بۆ وەرگێڕانی کتێبی کوردی بۆ فارسی، لە ساڵی 1959 دراوە، کە خۆی لە کتێبی(شۆرشەکانی کورد)ی عەلائەدینی سەجادی دەنوێنێت، سەرپەرشتی ئەم هەوڵە هەواڵگەری سوپای شاهنشاهی ئێران بوو، هەرچەندە تا ساڵی 2004 کتێبەکە چاپ نەکرا.

ناکرێ بگوترێ ئەمە یەکەمین بەرهەمە، لە ساڵی 1979 لە گەرمەی ئازادی چاپەمەنی و بە بۆنەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ناوەندیی، (محەمەدی قازی) و (ئەحمەدی قازی) رۆمانی ژانی گەل(ئیبراهیم ئەحمەد)یان لە کوردی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی(ئەم رۆمانە خاوەنی دوو وەرگێڕانە).

شەڕ لەبەرەی رۆژهەلاتی کوردستان و سەرکەوتنی بەرەی شەڕخواز لە دەسەلاتداری تاران و یاساغ کردنی هەر شتێکی کوردی، بووە هۆی هەر هەوڵێك بە قازانجی زمانی کوردی، بەلام سەقامگیری ئاسایش لە باشووری کوردستان و بە هێزبوونی دەسەلاتی کوردی و چەسپاندنی بارودۆخی دیفاکتۆ و بەرفراوانی چاپەمەنی کوردی لە باشوور، بوونە هۆی پەیدابوونی کەسایەتیەك بۆ زمانی کوردی لە ئێران.

لەلایەکی دیکەوە لاوازی و پەراوێزەبوونی رێکخستنە چەکداریەکانی کوردی و زۆربونی رێژەی خوێندەواری ( مەبەست دەرچووانی زانکۆ ) هۆکار بوون بۆ دروست بونی خەبات بە شێوازێکی تر، کە خەباتی فەرهەنگییە. دەسەلاتی ناوەندی بۆ بەجێ نەمان و زیاتر هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی ماهیەتی کورد، بەشدارە لەم بزاڤە ( بەشێك لە دەسەلاتی ئێران پێی وایە تەنیا بە رێی لەشکری، کورد خامۆش ناکرێ، بەڵکو دەکرێ لە رێی پلان و بەرنامەی فەرهەنگیش زیان بە بزووتنەوەی روناکبیری کوردستان بگەینرێت).

هەرچەند ئەم وتارە گرنگی بەم بابەتە نادات، بەلام بۆ ناساندنی هۆکاری لە چاپدانی( تاریخ امیرانی سوران) لە لایەن دەزگای ( مرکز اسناد و خدمات پژوهشی ) سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئێران، ناچار بووم سەرەتایەك بنووسم، کە خوێنەر بە چاو روونی بڕوانێتە ئەم هەوڵە و هەوڵەکانی تری لەم بابەتە.

بەهێز بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەروەری پەرلەمانەکەی و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی لەم دوایە، تورکیایشی ناچار کردووە، دەرفەت بداتە بلاوکراوەو راگەیاندنی کوردی، هەروەها سووریای بەعسیشی ناچار کرد، دانوستاندن لە گەڵ کورد بکات، بۆ ئەوەی ناسنامەی زیاتر لە (300000) کورد بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنێتەوە .

لە ساڵی 2005 لە لایەن ( رضا خبری مطلق ) مێژووی میرانی سۆرانی(حوسێن حوزنی موکریانی)، کە لە ساڵی 1935 لە رواندز لە چاپ دراوە، لە کوردی کردۆتە فارسی و لە تاران چاپیکردووە، یەکەمین هەوڵە بۆ زیاتر ناساندنی(حوزنی موکریانی) بە جیهان دەرەوە، بەمەش خوێنەری فارس زمانی ئیران، ئەفغانستان و تاجکستان، نە تەنیا لە گەڵ بەشێك لە مێژووی کوردو حوزنی ئاشنا دەبن، بەڵکو رواندز وەك مەڵبەندێکی چاپەمەنی کوردیش دەبینن، بەلام بۆچی وەزارەتی دەرەوەی ئیران بەم ئەرکە هەڵدەستێت ؟.. ئەمەیان جێی پرسیارە.

پاشای گەورە بەو هێزە کەم و چاپوك و بێباکەی خۆی، دەوڵەتی قاجاری خستبووە دڵەڕاوکێ و بەشی کاروباری دەرەوەی دەرباری ئیرانی ئاڵۆز کردبوو، ئەمەش وایکردووە ئەرشیفخانەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران پڕبێت لە بەڵگەنامە سەبارەت بە رواندز.

لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم، کە بەریتانیەکان روویان کردە دۆڵی رافیدێن، گرێی مێژوویی کوردبوونی سەلاحەدینی ئەیووبی بووە هۆی دروستبوونی هەڵوێستی پۆزەتیڤی ئینگلیز بەرامبەر کورد، چونکە لە شەڕی خاچپەرستاندا شای بەریتانیا، کە بە( **ریچاردی شیردڵ** ) ناسرابوو، لە بەرامبەر لەشکری ئەیووبیەکان شکستی خوارد، لە ئەنجامی ئەم لێکدانەوە مێژوویەش کورد لەسەدەی بیست بووە قوربانی. ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئیرانیش لە گرێی پاشای گەورە بەدەر نەبووە، چونکە میر محەمەد بە لەشکریکی بچووك ئاسایشی ئێرانی خستبووە مەترسی.

لەوانەیە خوێنەر لێم بپرسێ ئەم بۆچوونەم لە بەر چ هۆیەکە ؟ لە وەلامدا ئەوانەی ئاگاداری بزاڤی چاپەمەنی ئێرانن باش دەزانن، کە تیراژی چاپی هەر کتێبێك( 3000 )بەرەو سەرەوەیە، کەچی تیراژی ( تاریخ امیرانی سوران ) تەنیا( 500 )دانەیە، کە بە هیچ لایەك بە هەڵەی چاپ نایەتە ژماردن، چونکە لە باتی یەك هەڵەچن، کە بۆ هەر پەرتوكێك باوە، ئەم پەرتووکە خاوەن دوو هەڵەچنە، کە گرنگی کارەکە نیشان دەدات.

ئیرانیەکان هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ دان، کە هێزێکی کوردی ئامادەو بێ باك ئەوان بخاتە مەترسی، هێرشی(شێخ عوبەیدوڵلای نەهری)یان لەبیرنەچووتەوە، کە تەورێز چۆڵ کرا و لە تاران حکومەتی سوپایی( حوکم عورفی) لەناو شار راگەیاندرا.

وەرگێڕانەکە 120 لاپەڕەی قەبارە ناوەنجییە، کە 16 لاپەڕەی ناو نامەیە، پێرستی هەیە و هەردوو پێشەکی(حوسێن حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی)یش لە چاپ دراوە. وەرگێر شارەزایەکی باشی نەبووە لەگەڵ زاروەکان و هەڵەی زەقی کردووە، ئینجا لەبەر پەلەکردن یا ئاشنانەبوونی، لە لاپەڕە 95 کە باس لە(سەید تەها ئەفەندی) دەکا و دەڵێ ناوبراو (بخشدار_ مدیر ناحیە) بووە، کەچی حوزنی لە لاپەڕە 108ی کتێبەکەی دەنووسێت" سەید تەها کراوەتە قایمقام". وەرگێڕ دەبوایە زاراوەی (فرماندار)ی بەکار هێنابووایە، هەرچەندە لەوانەشە سانسۆری وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە مەبەستی کەمکردنەوە لە پایەی (سەید تەهای شەمزینی)، ئەم کارەی کردووە( بۆ ئاگاداری خوێنەر کاتێك سەید تەها بۆ چارەسەرکردن لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی تاران بوو، کۆچی دوایی کرد، گومانی ئەوە هەیە لە لایەن دەسەلاتی پەهلەوەی لەنێو بردرابێ).

لە کۆتایدا هەر هۆکار و مەبەستێك لە پشتی پەردەبێت، مەودای ناسینی(حوزنی موکریانی) و رواندز بەرفراوانتربووە، کە هەردووکیان لێك جیاناکرێنەوە و شایستەی سەرفرازین.

# راپەڕینی بە ئازاری ئازار



کـــوردێکی ڕۆژهەڵات لە دەستی ستــەم و مـەینەتی ئەودیوو پەنا بۆ ئەم دیووەی باشــور دێنیٚ، بە خەیاڵـی خۆی لێرە ڕاپەڕین کراوە و ئەزموونێکـی کـەم وێنە لەسەر ئاستی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی دیموکراتی و ئازادی بیروڕا و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری چیٚ بووە، دوای ئەوەی ماوەیەکی باش دەمێنێتەوە و ڕۆ دەچێتە ناخی هەموو لایەنەکانی ئەزموونەکە، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە و فریا بکەوێت، نەوەك لەوێش ڕاپەڕین بکرێت و هەموو ئەو تاڵاوەی لێوەبەر بیٚ کە لەم دیو لەگەڵ خۆی هێنا، دۆخەکە بە شەڕی ناوخۆ و بەحزبی کردنی ژیان و نەمانی خزمەتگوزاری و پچڕانی کارەبا و قەیرانی سووتەمەنی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی کۆتایی پیٚ بێت.

ڕوانینی ئەو برا کوردەی ڕۆژهەڵات بۆ ڕاپەڕین لە ڕوانگەی ئەو کەشوهەوایەیە، کە دوای ڕاپەرین هاتە ئارا، ڕێڕەوی ڕووداوەکان بە ئاقارێك چوو، کە خودی دروشم و پیرۆزییەکانی ئەو وێسگە مێژووییەی بەتاڵکردەوە، ئەو وزۆرێك لە نەوەی دوای ڕاپەڕین باکیان بەزەمەنی بەر لە ڕاپەڕین نیە، کە ئەنفال و کیمیاباران و قڕکردن و سووتانی تەڕوشکی خاکی لەخۆوە گرتبوو، بەڵکو تێڕوانینیان لە دووتوێی ئەو بیٚ نازی و نەهامەتیانەیە، کە کۆی خەڵك دووچاری بۆوە، جا لە شەڕی ناوخۆوە بگرە، تا قەیرانەکانی سوتەمەنی و کارەبا ....

هەر لە ڕوانگەی بەتاڵبوونەوەی پیرۆزی ڕاپەڕینەوەیە ئەمڕۆ خەڵکێك لە شاری ڕانیە ئەو ڕۆژەی کە بە ئازایەتی خۆیان کردیان بە چەخماخەی سەرهەڵدانێکی دیرۆکی، ئێستا بە پێنجە بە ئازارەکەی شارەکەیان ناوزەد کردووە، دوای ئەو هەموو ساڵە خەریکە دەگەنە ئەو بڕوایەی هەڵەیەکیان کردبێت، شارەکەیان لە جیاتی ئەوەی دەروازە بیٚ بۆ سەردەمێکی زێڕین و گەشاوەی کورد، کەچی بوو بە سەرەتای ئەڵقەیەکی دیکەی ماڵوێرانی و نەگبەتی، لەبری سارێژکردنەوە، برینەکان قووڵتر و بەسوێتربوون، ناخ و دڵی مرۆڤی کورد شکاوتر و ڕووشاوتر بوو.

بە بڕوای خۆیان هەر لەسایەی دەرهاوێشتەکانی ئەم ڕووداوەشەوە بوو، ئەو خەڵکەی ڕۆژێك لە ڕۆژان خەونی بەوە دەبینی کورد خۆی حاکمدارو جڵەو بەدەست بێت، کەچی هەمان خەڵك لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە سەری خۆی هەڵگرت، لە ڕێگەی کۆچێکی نیمچە بە کۆمەڵ چارەنووسی خۆیان ڕادەستی قەدەرێکی نادیار کرد و لە ڕێی کاروانێکی هات و نەهات بە سەدان و هەزاران کەسی سەرهەڵگرتوو بوونە قوربانی ویژدانی توپیوی قاچاغچی و پەڕینەوە لە ڕووباری ئیجە.

ئەوەی جێگەی بە سویٚ کردنەوەی ئەو برینانەشە هەموو ساڵێك بۆ بیرئانینی ئەم یادە جارێکی تر ئەو قەوانەمان بە گوێدا ئەزرینگێننەوە، کە قۆرغ کردنی شانازییەکانی ڕابردووی لە خۆ گرتووە و هەر لایە و قیت دەبێتەوە و دەڵیٚ من نەخشەی ڕاپەڕینم کێشا، بیٚ خەبەرن لەوەی لە بازاڕی ئەمڕۆی ڕیکلام وپڕۆپاگەندەدا یاد و بەباڵابڕینی حزب بەو شانازییانە ئەو پارەیە ناکات، خەڵك ئەمڕۆ لە گوێگرتن بۆ سرووده نەتەوەییەکانیش لەش قورس بووە.

ئەمڕۆ کەم گەنج هەیە بە لایەوە گرنگ بێت لە بەغدا چ باس بێت و جەعفەری هەڵدەبژێرێتەوە یان نا؟ مسۆگەرکردنی دەوڵەت بۆ کورد لای ئەو گەنجە ، هێندەی کردنەوەی پارکێك گرنگ نیە، پەیوەندی هەر یەکێك لەوانە لەگەڵ دام دەزگای دەسەڵاتی کورد لە ڕێگەی ئەو ژینگە بەرتەسکەیە کە تێیدا دەژی، لە شارێکی وەك سۆران پردی نێوان دامەزراوە حکومی و حزبیەکان و هەر یەکێك ماڵ و گەڕەك، تا ئاستێکیش شارەکەیە، ئەگەر ئەو شوێنانە جێگەی ڕەزامەندی و ئاسودەیی و دڵنیایی بێت، ئەوا ئەو کات شار و ئەزموون و هەرێمیشیان لە لا جوان دەبێت ، متمانەشیان بە ڕابردوو و ئایندە لە ناخدا دەڕوێتەوە، بەڵام ئەگەر لە ماڵ گرفتی نەبوونی کارەبا و نەوت و غاز هەبێت، لەگەڕەك قوڕ ، لە شار ناڕێکی شەقام، لە وڵاتیش گەندەڵی، ئەو کاتە هەموو باسکردنێکی شانازییەکانی ڕابردوو دەچێتە خانەی قسەی قەڵب وسواو، کەس تاقەتی نابیٚ گوێشی بۆ شل بکات.

بۆتان تەحسین

# دەنا تیرۆر دەکرێین ؟!



فەرزین کەریم

**تــازە** بە تازە، بەڕێزان فەرحان جەوهەر- ی بەرپرسی دەزگای زاری کرمانجی و، محەمەدی حاجی کەریم-ی ڕۆژنامەنووس لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما بۆی دەرچووبوون، کە زەهاوی سنجاوی-ی سینەماکار و هاوڕێی سەردەمی منداڵیم بە فیگۆر و ژێستی هیچکۆك ئاسا خۆی کرد بە ژوورەوە.. ناوبراو کە تازە ماجستێری لە بواری سینەما وەرگرتووە، بەیەکجاری لە هەندەران گەڕاوەتەوە کوردستان، وەکو هەموو جارێك بە تەواوەتی دانەنیشتووە، بە حەماسەتەوە باسێك دەوروژێنێت و، ئەم جارەیان باسی ئەوە دەکات، کە ((سینەما جورئەت دەخوازێت)).

دواتر بێ یەك و دوو دەڕواتە ناو مەبەستی سەرەکی و دەڵێت:"هەر کەسێك جورئەتی هەیە بابێت و پێکەوە فیلمێکی بەڵگەنامەیی-لێکۆڵینەوەیی لەسەر بوونی مادده بێهۆشکەرەکان لە کوردستان سازبکەین، بەڵام ئەگەری زۆریش هەیە لەلایەن هەندێك دەستی نادیارەوە لێمان بدرێت!...".

دوای ئەم پەیڤانەی کاك زەهاوی و، هەروەها هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژمارە دووی (کۆوار)ی (سۆران)ی فرە ڕەنگ و فرە دەنگ، کە دۆسیەیەکی لەسەر مادده بێهۆشکەرەکان پێشکەش کردبوو (هەرچەندە بە تەواوەتی نەپرژاوەتە ناو ناخی ئەم دیاردە دێوەزمە ئاسایە!) منیش بە پێویستم زانی ئەم چەند دێڕە بخەمە سەر خەرمانی خەمەکان!!.

-هەندێك جار کە باسی بوونی باندی هێنان و دابەشکردنی مادده بێهۆشکەرەکان لەناو هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، هەندێك کەس، بۆ هەر مەبەستێك بێت، بە شادرۆی ساڵی لە قەڵەم دەدەن، بە پاساوی ئەوەی کۆمەڵگای کوردەواری نموونەی پاك و خاوێنییە!، بەڵام دیارە ئەو پاساوهێنەرەوانە ئەو هەواڵانە نابیستن، کە جاروبار لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە و تیشك دەخەنە سەر دەست بەسەر داگرتنی مادده بێهۆشکەرەکان لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا، کە لە سنوری جیاجیا ڕەوانە دەکرێت! (من علاقەم بە سیاسەتەوە نییە!).

- مادده بێهۆشکەرەکان، لەهەموو سەردەمانی بوونیان لە ژیانی مرۆڤدا، پتر لە ڕووی لایەنی سیاسیەوە بەکارهاتوون. لەسەردەمی ئیستعمارە ڕۆژئاواییە جیاجیاکاندا، بەمەبەستی پتر خستنە ژێر ڕکێفی خەڵکی ناو موستەعمەرەکانیانەوە، پتر دەبوونە هۆی بڵاوکردنەوەی ئەم ماددانە لەناو خەڵکدا، تاکو هەستی شۆڕشگێڕیان لەناودا لاوازبێت و، نەتوانن تەنانەت مێشیش لە خۆیان دوورکەنەوە تا بگات بە بیرکردنەوە لە دەرپەڕاندنی پەتاو دێوەزمەیەکی بکوژی وەکو ئیستعمار لە نیشتماندا!

- وەکو هەندێك سەرچاوە مێژووییەکان باس دەکەن (بەتایبەتیش ژێدەرە ڕۆژئاواییەکان)، کاتێك حەسەن سەباح دەسەڵاتی فرقەی ئیسماعیلیەی شیعە مەزهەبی لە چیای (ئەلمووت) لە دەورووبەری قەزوێن لەئێران دەگرێتە دەست، بەمەبەستی خوڵقاندنی ترس و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیا و نمایشی توانا و دەسەڵاتی گروپەکەی، کۆمەڵێك کردەوەی تیرۆریستی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا ئەنجامدا، کە لەلایەن خەڵکی خۆبەختکەر ئەنجامدەدرا.وەکو دەڵێن ئەم تیرۆریستانە هۆگری مادده بێهۆشکەرەکان - بەتایبەتیش حەشیش- بوونە (بۆ ئاگاداری!)..

- وە نەبێت مادده بێهۆشکەرەکان تەنیا لەو وێنانەدا چەسپابێت، کە لە فیلمەکاندا دەیانبینین و خۆی لە تلیاك و حەشیش و مۆرفین و کۆکائین و گراس و هتد.. بدۆزێتەوە، بەڵکو زۆر جۆری تریشی لەهەمبێز گرتووە، بەتایبەتیش ئەو حەب و دەرمانانەی لە هەندێك لە عیادەتایبەتییەکان، لە کۆڵان و شەقامدا دەفرۆشرێتە گەنجە هۆگرەکانمان!!.

- بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە لە ((پڕێك نەبێتە کوڕێك)) و، دواتر نەبێتە بارگرانیەکی قەبە، کە دەرەقەتی نەهێین و، لە چەشنی کێشە نیمچە ستراتیجییەکانی دیکەی وەکو ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و ئەنفلەوەنزا و هتد، خۆی نەنوێنێت، پێویستە ساڵانە کۆنفرانسی بۆ ببەسترێ و لەهەموو ڕوویەکەوە، کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی و بەتایبەتیش لە ڕووی (ئاسایشی نەتەوەیی))یەوە تاوتوێ بکرێت.. تا ئێرە بەسە، دەنا تیرۆر دەکرێین!!.